# ئەلفبێی کوردی و شێوە جیاوازەکانی

| ئەلفبا | | شێوە جیاوازەکان | | | نمونە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیت | IPA | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی |
| ئـ | ʔ | ئـ | | | ئاو | | |
| ا | a | | ـا / ا | ـا / ا | | ئاڵا / ڕاو | شا / برا |
| ب | b | بـ | ـبـ/ بـ | ب / ـب | باران | سبەی/ ڕابردو | کەباب/ |
| پ | p | پـ | ـپـ/ پـ | پ/ ـپ | پارە | سپاردن/ کەپر | تۆپ/ ئەسپ |
| ت | t | تـ | ـتـ/ تـ | ت/ ـت | تاڵ | ئەستێرە/ کۆتر | کەوت/ دانیشت |
| ج | j | جـ | ـجـ/ جـ | ج/ ـج | جوان | جوجەڵە/ کەمانجە | باج / برنج |
| چ | č | چـ | ـچـ/ چـ | چ/ ـچ | چاو | لێچون/ کەچەڵ | چرچ/ پێچ |
| ح | h | حـ | ـحـ/ حـ | ح/ ـح | حەوت | ڕێحان | تیمساح |
| خ | x | خـ | ـخـ/ خـ | خ/ ـخ | خاو | تەخت/ | بەرخ / تیخ |
| د | d | د | د/ ـد | د/ ـد | دەست | ددان/ سپێدە | ئارد/ |
| ر | r | | ر/ ـر | ر/ ـر | | دراو / برا | دار/ |
| ڕ | ŕ | ڕ | ڕ/ ـڕ | ڕ/ ـڕ | ڕاو | وەڕین/ فڕین | مەڕ/ شڕ |
| ز | z | ز | ز/ ـز | ز/ ـز | زاوا | کەزی / مزر | دز/ مامز |
| ژ | ž | ژ | ژ/ ـژ | ژ/ ـژ | ژمارە | هاوژین/ مژدە | دژ/ لێژ |
| س | s | سـ | ـسـ/ سـ | س/ ـس | سار | ڕاست/ پێست | داس/ مس |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ش | š | شـ | شـ/ ـشـ | ش/ ـش | شەو | وشە/ خشت | پوش/ مێش |
| ع | ؟ | عـ | عـ/ ـعـ | ع/ ـع | عەرەب | شاعیر / بێعار | قانع |
| غ | ğ | غـ | غـ/ ـغـ | غ/ ـغ | غەم | نەغمە/ | باغ/ |
| ف | f | فـ | فـ/ ـفـ | ف/ ـف | فیل | بەفر/ کفتە | دەف/ سەقف |
| ڤ | v | ڤـ | ڤـ/ ـڤـ | ڤ/ ـڤ | ڤیان | حەڤدە/ گڤە | مرۆڤ/ هەیڤ |
| ق | q | قـ | قـ/ ـقـ | ق/ ـق | قاز | شەقام / مقاش | دەق / لق |
| ک | k | کـ | کـ/ ـکـ | ک/ ـک | کورد | ڕاکردن/ شکا | بوک/ مشک |
| گ | g | گـ | گـ/ ـگـ | گ / ـگ | گوارە | ڕاگرت/ نیگار | سەگ/ پڵنگ |
| ل | l | لـ | لـ / ـلـ | ل / ـل | لۆبیا | پەپولە/ کلدان | مەل/ کل |
| ڵ | ł | | ڵـ / ـڵـ | ڵ/ ـڵ | | گوڵزار/ سپڵە | گوڵ/ سپڵ |
| م | m | مـ | مـ/ ـمـ | م/ ـم | مراوی | زمان/ نمە | مۆم/ لم |
| ن | n | نـ | نـ/ ـنـ | ن/ ـن | نان | زانکۆ/ شنە | بازن/ من |
| و | w | و | و/ ـو | و/ ـو | وانە | دەرەوە/ کوڕ | کڵاو/ مێو |
| ۆ | o | | ۆ/ـۆ | ۆ/ـۆ | | دۆست/ مۆر | دۆ/ شانۆ |
| هـ | h | هـ | هـ/ ـهـ | | هەنار | بەهێ/ بهێنە | |
| ی | y | یـ | یـ/ ـیـ | ی/ ـی | یاری | دیاری/ کیسەڵ | نەی/ ماسی |
| ێ | ŷ | | ێـ/ ـێـ | ێ/ ـێ | | ڕێوی/ شێر | زێ/ سێ |
| ە | e | | ە/ ـە | ە/ ـە | | دەم/ کەم | لیرە/ پشیلە |

## وانەی یەکەم


shutterstock.com · 1077413438

**وشه نوێیەکان**

هات، ڕۆیشت، باوک، دایک، برا، خوشک ,ماڵ، نوسینگە، بازاڕ، قوتابخانە، بەیانی، شەو، نیوەڕۆ، ئێوارە، لە و بۆ.

**بەکارهێنانی وشە نوێیەکان**

هات: باوکم هات.

ڕۆیشت: دایکم ڕۆیشت.

خوشک: خوشکم هات.

برا: برام ڕۆیشت.

نوسینگە: باوکم شەو لە نوسینگە هاتەوە.

بازاڕ: دایکم بەیانی بۆ بازاڕ ڕۆیشت.

قوتابخانە: خوشکم نیوەڕۆ لە قوتابخانە هاتەوە.

ماڵ: برام ئێوارە لە ماڵ ڕۆیشت.

**ڕاهێنانی (١)**

بۆشاییەکان بە وشەی گونجاو پڕدەکەمەوە:

نمونە/ باوکم بۆ بازاڕ ڕۆیشت.      ( باوکم، ماڵ، نوسینگە، لە)

١- ______ هات.        (نوسینگە، دایکم،  بە، بۆ)

٢- برام ______ .        (ماڵ، بۆ، ڕۆیشت، بازاڕ)

٣- خوشکم بۆ ____ ڕۆیشت.        (بازاڕ، هات، لە، باوکم)

٤- برام _____ قوتابخانە هاتەوە.        (باوکم، لە، نوسینگە، خوشک)

٥- ______ باوکم بۆ نوسینگە ڕۆیشت. (بەیانی، دایکم، لە، ماڵ)

**گۆکردن**

**گۆکردنی دەنگە بزوێنەکان**

بزوێنی (ا)

با، کا، زا، جا، یا، ما/        با = ب + ا

ناو، نان، کار، بار، زار، زان، پار، خاک/        بار = ب + ا + ر

ماست، بازن، ڕاست، کارت، سارد/        بازن = ب + ا + ز + ن

بازاڕ، باران، مامان، بابان، کارزان، جاران، یاران، کاروان/

بابان = ب + ا + ب + ا + ن

بزوێنی (ی)

بی، سی، وی، دی/        بی = ب + ی

بیر، دین، سیر، شیر، سیم، ڕیش، نیو، زین، تیر/        بیر = ب + ی + ر

بیست، نیسک، گیسک، دیسک/        بیست = ب + ی + س + ت

پیری، زیوی، ژیری/        زیوی = ز + ی + و + ی

بزوێنی (و)

کو، بو، زو، جو، شو، سو/        کو = ک + و

کوڕ، سوڕ، بوک، شوم/        کوڕ = ک + و + ڕ

کورد، چوست، بورد/        کورد = ک + و + ر + د

کوکو، بولبول/        کوکو = ک + و + ک + و

**ڕاهێنان (٢)**

گوێ لە دەنگەکە بگرە، دواتر ئەم وشانەی لای خوارەوە لە ژێر هەریەک لەو بزوێنانە بنوسە کە هاوشێوەن:

بی، سی، کاروان، چوست، چالاک، پیری، کورد، شیر، زوم، باران، کا، تیر، سو، نیسک، ڕاست، بورد، مامان، خاک، کوڕ، ژیری، کوکو، ماست، دی، کو، بیست، بار، سیر، زار، شوم

| ا | ی | و |
|---|---|---|
| جا | دی | جو |

**ڕاهێنان (٣)**

گوێ لە دەنگەکە بگرە، دواتر هێڵ بە ژێر ئەم وشانە دابهێنە کە دوو بزوێنیان تێدایە:

پیری، بی، سی، کاروان، چوست، چالاک، ژیری، کورد، شیر، زوم، باران، کا، تیر، سو، نیسک، ڕاست، بورد، مامان، خاک، کوڕ، کوکو، ماست، دی، کو، بیست، بار، سیر، زار، شوم

**ڕاهێنان (٤)**

گوێ لە دەنگەکە بگرە، دواتر وشەکان بۆ برگە و پیت دابەشبکە:

نمونە: باران = ب + ا / ر + ا + ن

پیری = ......................

بولبول = ....................

ماست = ....................

سەیران = ..................

زیوین = ....................

**ڕاهێنان (٥)**

گوێ لە دەنگەکە بگرە، دواتر وشەکان بۆ پیت دابەشبکە:

نمونە/ نیسک = ن + ی + س + ک

١- ................ = ..............................................

٢- ............... = ................................................

٣- ............... = ...............................................

٤- .............. = ................................................

٥- ............. = .................................................

**ڕێزمان**

١- ڕستەی سادە

باوکم هات.          باوکم + هات

ڕستە          بکەر          کار

دایکم ڕۆیشت.          دایکم + ڕۆیشت

ڕستە          بکەر          کار

باوکم نیوەڕۆ لە نوسینگە هاتەوە.          باوکم + نیوەڕۆ + هاتەوە

ڕستە          بکەر          هاوڵکار          کار

بەیانی دایکم بۆ بازاڕ ڕۆیشت.          بەیانی + دایکم + ڕۆیشت

ڕستە          بکەر          کات          کار

**ڕاهێنان (٦)**

ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕێکبخە:

نمونە/ هات، خوشکم          خوشکم هات.

١- بۆ، بازاڕ، ڕۆیشت، دایکم.          ........................................................

٢-ڕۆیشت، باوکم، بەیانی، نوسینگە، بۆ.          ....................................................

٣-لە، نیوەڕۆ، هاتەوە، قوتابخانە، براکەم.          .....................................................

٤-بۆ، ماڵ، هاتەوە، لاوی، شەو.          .....................................................

٥-لە، ڕۆیشت، ئێوارە، ماڵ، براکەم.          .......................................................

گوێ لە دەنگەکە بگرە و بیڵێرەوە:

ڕۆیش

هات

باوکم ڕۆیشت.
باوکم لەماڵەوە ڕۆیشت.
باوکم لە ماڵەوە بۆ نوسینگە ڕۆیشت.
باوکم بەیانی لە ماڵەوە بۆ نوسینگە ڕۆیشت.

دایکم هات.
دایکم لە بازاڕ هاتەوە.
دایکم لە بازاڕ بۆ ماڵەوە هاتەوە.
ئێوارە دایکم لە بازاڕ بۆ ماڵەوە هاتەوە.

ڕۆیشت

براکەم ڕۆیشت.
براکەم لە ماڵەوە ڕۆیشت.
براکەم لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە ڕۆیشت.
براکەم بەیانی لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە ڕۆیشت.

**ڕاهێنان (٧)**

**ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواوبکە:**

ڕۆیشت.
براکەم ڕۆیشت.
............... لە ماڵ ................. .
براکەم لە ............ بۆ ................. ڕۆیشت.
براکەم نیوەڕۆ ................ ..................... بۆ ............... ڕۆیشت.
هاتەوە
نالی ............... .
............... لە قوتابخانە ............... .
ئێوارە ........... ............... ................ بۆ ماڵ ............. .

**گفتوگۆ**

ا. گوێ بگرە و بێلێرەوە

پرژە: سڵاو دایکەگیان! بەیانیت باش!

دایک: سڵاوئازیزم! بەیانیت باش!

ئاری: سڵاوباوکە! نیوەڕۆت باش!

باوک: سڵاو گیانەکەم! نیوەڕۆت باش!

پرژە: ئێوارەت باش! باوکە گیان!

باوک: ئێوارەت باش! شەونم گیان!

ئاری: شەوباش! دایکە گیان!

دایک: شەوباش ئارا گیان!

ئاری: خوات لەگەڵ دایکە گیان!

دایک: خوات لەگەڵ! ئارا گیان!

ب. کاری پێکەوەیی (ناوی خۆتان بەکاربهێنن و گفتوگۆکە دوبارە بکەنەوە)

ڕاهێنان(٨)

گفتوگۆکانی خوارەوە تەواو بکە

ئاری......سڵاو.....دایکەگیان! بەیانیت........................ .

دایک: سڵاو.................... ! ..........................باش!

پرژە: سڵاو...................! ..............................!

باوک:............................! ...................نیوەڕۆت باش!

ئاری: سڵاو باوکە گیان! ئێوارەت............!........................................!

ئاری:.......................!.............................!....................................باش!

پرژە: شەو..............................!................ ........................!

دایک:................................!...........................پرژە.........................!

پرژە:.................................باوکە........................!

باوک: خوات لەگەڵ.........................!

## وانەی دوەم




وشە نوێیەکان

مایەوە، ڕایکرد، مامۆستا، قوتابی، سەرپەرشتیار، چاودێر، بەڕێوەبەر، هاوپۆل، پەرتوک، پۆل، پەڕاوگە، گۆڕەپان، لەگەڵ، لە

بەکارهێنانی وشە نوێیەکان

مایەوە: مامۆستا مایەوە.

ڕایکرد: قوتابییەکە لە گۆڕەپانەکە ڕایکرد.

قوتابی: قوتابییەکە ڕۆیشت بۆ کتێبخانە.

سەرپەرشتیار: سەرپەرشتیار لەگەڵ مامۆستاکان لە قوتابخانە مایەوە.

بەڕێوەبەر: بەڕێوەبەر بۆ ئیدارە ڕۆیشت.
هاوپۆل: قوتابییەکە لەگەڵ هاوپۆلەکەی بۆماڵەوە ڕۆیشت.
پەرتوک: مامۆستا بەپەرتوکەوە هات بۆ پۆل.
کتێبخانە: قوتابییەکە لەپۆلەوە هات بۆ کتێبخانە.
گۆڕەپان: قوتابییەکە لەگەڵ چاودێرەکە لەگۆڕەپان مایەوە.

ڕاهێنان(١)
ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە.
نمونە: شەونم ڕۆیشت ....... ماڵەوە. (باوک، هات، بۆ، کتێبخانە)
١. .............. هات. (گۆڕەپان، مامۆستا، لەگەڵ، پۆل)
٢. مامۆستا ............ پۆل مایەوە. (هات، لە، لەگەڵ، سەرپەرشتیار)
٣. ئاسۆ لە قوتابخانە ................ (دەخوێنێت، قوتابخانە، لەگەل، پەرتوک)
٤.بەڕێوەبەر لە............. بۆماڵەوە ڕۆیشت. (قوتابخانە، لە، هاوڕێ، سەرپەرشتیار)
٥. ئەڤین لە گۆڕەپانەکە................. (پەرتوک، ڕایکرد، هاوپۆل، بۆ)
٦. شەونم ................ ئەڤین هات بۆ بازاڕ. (مایەوە، بەڕێوەبەر، قوتابی، لەگەڵ)

گۆکردن:
گۆکردنی بزوێنە کورتەکان
بزوێنی(ە)
بە، کە، وە، لە بە= ب + ە
سەر سەر= س+ ە + ر
شەڕ، چەم، خەم، کەم، ژەم، دەم، شەو، خەو، کەف، تەم
کەپر=کە + ە + پ+ ر
کەپر، چەتر، چەقۆ، شەش، حەوت، هەشت، بەفر، دەفر، شەکر
تەمەن=ت+ ە / م + ە + ن
زەمەن، وەتەن، شەبەنگ

جۆرەکانی برگە
١.بڕگەی کورت بە (نەبزوێن + بزوێنی کورت)
٢.بڕگەی درێژ کەو(نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن)

با (نەبزوێن + بزوێنی درێژ)

٣. بڕگەی درێژ		کەپر(نەبزوێن + نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن + نەبزوێن)

نان (نەبزوێن + بزوێنی درێژ + نەبزوێن)

نمونە/

**قوتابخانە**	**قو**	**تاب**	**خا**	**نە**

**بڕگەی کورت**	**بڕگەی درێژ**	**بڕگەی درێژ**	**بڕگەی کورت**

**ڕاهێنان (٢)**

گوێ لەدەنگەکە بگرە، دواتر ئەم وشانەی لای خوارەوە لەژێر هەریەک لەو بڕگانە بنوسە کە هاوشێوەن:

سەر، شەڕ، چەم، خەم، کەم، ژەم، دەم، شەو، خەو، کەف، تەم، کەپر، چەتر، چەقۆ، شەش، حەوت، هەشت، بەفر، دەفر، شەکر، تەمەن، زەمەن، وەتەن، شەبەنگ، چایخانە.

| **نەبزوێن + بزوێنی کورت** | نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن | **نەبزوێن + بزوێنی کورت + نەبزوێن + نەبزوێن** |
|---|---|---|
| بە | کەو | کەپر |
| | | |
| | | |
| | | |

**ڕاهێنان(٣)**

گوێ لەدەنگەکە بگرە، دواتر هێڵ بەژێر ئەو وشانەدا بهێنە کە یەک بزوێنی کورتیان تێدایە:

سەر، شەڕ، چەم، خەم، مار، ژەم، دەم، شەو، خەو، کەف، شار، کەپر، چەتر، چەقۆ، شەش، حەوت، هەشت، بەفر، دەفر، شەکر، تەمەن، کێوی، وەتەن، شەبەنگ، چایخانە

**ڕاهێنان(٤)**

گوێ لەدەنگەکە بگرە، دواتر هێڵ بەژێر ئەو وشانەدا بهێنە کە دو بزوێنی کورتیان تێدایە:

سەر، شەڕ، چەم، خەم، کەم، تەمەن، ژەم، دەم، شەو، خەو، کەف، دەرەوە، کەپر، چەتر، چەقۆ، شەش، حەوت، وەرە، بەفر، دەفر، شەکر، زەمەن، وەتەن، شەبەنگ، دەبەنگ، چایخانە

ڕاهێنان(٥)

گوێ لە دەنگەکە بگرە، وشەکانی خوارەوە شیبکەرەوە بۆ پیت و بڕگە:

**نموونە:** سەرکار= س + ە + ر / ک + ا + ر

سەر.................. یەک........................

شەش................. حەوت......................

تەم................... بەفر.........................

شەبەنگ........................ قوتابی.......................

گۆڕەپان........................... هاوپۆل.........................

قوتابخانە............................. مامۆستا.........................

ڕاهێنان(٦)

گوێ لەدەنگەکە بگرە، دواتر وشەکان شیبکەرەوە بۆ پیت و بڕگە:

**نموونە:** کوردستان کور+ دس+ تان (ک، و، ر، د، س، ت، ا، ن)

........................ : .......................................................

........................ : .......................................................

........................ : .......................................................

## ڕێزمان

## ڕستەی سادەی هەواڵی و پرسیاری

ڕستەی سادە ی هەواڵی: مامۆستا لە قوتابخانە مایەوە.

ڕستەی پرسیاری= ئایا + ڕستەی هەواڵی+ ؟ ئایا مامۆستا لە قوتابخانە مایەوە؟

وەڵامی ڕستەی ئەرێ (بەڵێ + ڕستەی هەواڵی) بەڵێ، مامۆستا لە قوتابخانە مایەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| کاری ئەرێ | مایەوە | خەوت | هات |
| کاری نەرێ (نە + کاری ئەرێ) | نەمایەوە | نەخەوت | نەهات |

ڕستەی هەواڵی ← قوتابییەکە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

ڕستەی پرسیاری ← ئایا قوتابییەکە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە؟

ڕستەی نەرێ ← نەخێر، قوتابییەکە نەڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

(نەخێر+ ڕستەی هەواڵی لەگەڵ کاری نەرێ)

راهێنانی (٧)

ڕستەکانی خوارەوە بکە بەپرسیاری:

نمونە: شەونم ڕۆیشت بۆ کتێبخانە. ئایا شەونم ڕۆیشت بۆ کتێبخانە؟

١.دایکم ڕۆیشت بۆ بازاڕ. ......................................؟

٢.سەرپەرشتیار لەگەڵ بەڕێوەبەر لە قوتابخانە مایەوە. .............................؟

٣.قوتابی لە قوتابخانە هاتەوە. ................................................؟

٤. دوێنێ ئەڤین لە گۆڕەپانەکە ڕایکرد. ........................................؟

٥. هاوپۆلەکان لە گۆڕەپانەکە هاتنە پۆلەوە.......................................؟

٦. دوانیوەڕۆ ژیوار لەگەڵ ئاسۆ لەگۆڕەپانەکە ڕایکرد..........................؟

٧. قوتابی بەیانی بە پەرتوکەوە هات قوتابخانە. .................................؟

راهێنانی (٨)

وەڵامی ئەرێ بۆ ڕستەکانی خوارەوە بدەرەوە.

نمونە: ئایا ئاسۆ ڕۆیشت بۆ بازاڕ؟ بەڵێ، ئاسۆ ڕۆیشت بۆ بازاڕ.

١.ئایا هاوپۆلەکان هاتن بۆ کتێبخانە؟ بەڵێ،.............................................

٢.ئایا دایکت نیوەڕۆ لەماڵەوە مایەوە؟.................................................

٣.ئایا براکەت ڕۆیشت بۆ کتێبخانە؟ ...................................................

٤. ئایا، باوکت شەو لە فەرمانگە هاتەوە بۆ ماڵەوە؟.....................................

٥. ئایا سەرپەرشتیار لە قوتابخانە مایەوە؟.........................................

راهێنانی (٩)

وەڵامی نەرێ بدەرەوە بۆ ڕستەکانی خوارەوە.

نمونە: ئایا شەونم ڕۆیشت بۆ قوتابخانە؟ نەخێر، شەونم نەڕۆیشت بۆ قوتابخانە.

١.ئایا هاوپۆلەکەت لەپۆل مایەوە؟ نەخێر،.......................................

٢. ئایا چاودێرەکە ڕۆیشتە گۆڕەپانەکەوە؟...............................

٣. ئایا براکەت شەو ڕۆیشت بۆ کتێبخانە؟...................................

٤.ئایا باوکت دوێنی مایەوە لە ماڵەوە؟ ....................................

٥. ئایا شەونم لەگەڵ ئەڤین لە گۆڕەپانەکە ڕایکرد؟ .............................

٦.ئایا دوێنێ ئاسۆ هات بۆ قوتابخانە؟ ..........................................

**ڕاهێنانی (١٠)**

وەڵامی ئەم ڕستانەی خوارەوە بە نەرێ بدەرەوە لەسەرەتادا، دواتر بە ڕستەی ئەرێ وەڵامی بدەرەوە.

نمونە: ئایا دایکم ڕۆیشت بۆ بازاڕ؟ نەخێر دایکم نەڕۆیشت بۆ بازاڕ. دایکم بۆ قوتابخانە ڕۆیشت.

١.ئایا ژیار لە گۆڕەپانەکە ڕایکرد؟ نەخێر.............................. ژیار لە گۆڕەپانەکە.................

٢. ئایا باوکت ڕۆیشت بۆ کتێبخانە؟ نەخێر،......................... باوکم .....................................

٣. ئایا بەڕێوەبەر لە ماڵەوە مایەوە؟.................................... . ...................................

٤.ئایا دوێنێ هاوپۆلەکەت هات بۆ قوتابخانە؟........................ . ..................................

**ڕاهێنان(١١)**

لە وشەکانی خوارەوە ڕستە دروستبکە:

نمونە: هات، بۆ، قوتابخانە، قوتابی ← قوتابی هات بۆ قوتابخانە.

١.لە، بەڕێوەبەر، قوتابخانە، مایەوە ........................................................

٢.شەو، ژیار، ئایا، مایەوە، کتێبخانە، لە .............................................................

٣.مامۆستا، گۆڕەپان، ڕایکرد، ئاسۆ، لەگەڵ،لە .....................................................

٤.لە، دایکم، قوتابخانەوە، ماڵەوە، ڕۆیشت.......................................................

٥.مایەوە، لە ئایا، دوێنێ، پۆل، ئەڤین .................................................................

٦. کتێبخانە، لەگەڵ، بۆ، هات، هاوپۆلەکەی. ..................................................

**گوێبگرە و بیڵێرەوە:**

مایەوە

قوتابییەکە مایەوە.

قوتابییەکە لە قوتابخانە مایەوە.

قوتابییەکە لەگەڵ هاوپۆلەکەی لە قوتابخانە مایەوە.

ئایا، قوتابییەکە لەگەڵ هاوپۆلەکەی لە قوتابخانە مایەوە؟

بەڵێ، قوتابییەکە لەگەڵ هاوپۆلەکەی لە قوتابخانە مایەوە.

نەمایەوە

مامۆستا نەمایەوە
مامۆستا لەپۆل نەمایەوە.
مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکە لە پۆل نەمایەوە.
ئایا قوتابییەکە لەگەڵ مامۆستا لەپۆلدا مایەوە.
نەخێر، مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکە لەپۆلدا نەمایەوە.

نەهات.
قوتابیەکە نەهات.
قوتابیەکە نەهات بۆ گۆڕەپانەکە.
قوتابیەکە لەپۆلەکەوە نەهات بۆ گۆڕەپانەکە.
دوێنێ قوتابیەکە لە پۆلەکەوە نەهات بۆگۆڕەپانەکە.
ئایا دوێنێ قوتابییەکە لە پۆلەوە هات بۆ گۆڕەپانەکە؟
نەخێر، قوتابییەکە دوێنێ لەپۆلەوە نەهات بۆ گۆڕەپانەکە.

نەڕۆیشت.
بەڕێوەبەر نەڕۆیشت.
بەڕێوەبەر نەڕۆیشت بۆ فەرمانگە.
بەڕێوەبەر لەگەڵ باوکم نەڕۆیشت بۆ فەرمانگە
بەڕێوەبەر لەگەڵ باوکم لەماڵەوە بۆ فەرمانگە نەرۆشت
ئایا بەڕێوەبەر لەگەڵ باوکم لە ماڵەوە بۆ فەرمانگە ڕۆیشت؟
نەخێر، بەڕێوەبەر لەگەڵ باوکم لەماڵەوە نەڕۆیشت بۆ فەرمانگە.

ڕاهێنان(١٢)
ڕستەکانی خوارەوە تەواوبکە:
١.مایەوە
ژیار مایەوە.
......................لەپۆلدا.............................. .
.........................لەگەڵ ئاریا...............
ئایا ژیار لەگەڵ.........................لە................................ .
بەڵێ.................................لەگەڵ......................................لە...........................................
٢.نەمایەوە

هاوپۆلەکە.....................................

..............................................لە کتێبخانە.....................................

...................................................................شەو لە................................................

ئایا...................................................................................................لە.......................................

مایەوە؟

نەخێر.......................................................................................

٣.ڕایکرد:

شەونم...............................

..........................................لەگۆڕەپانەکە............................

..................................................................لەگەڵ مامۆستا.............................................

..................................................

ئایا...........................................................................................................................؟

بەڵێ،..................................................................................................................

**٤.ڕاینەکرد**

**ژیار ڕاینەکرد.**

**................................لەماڵەوە.........................................**

**..........................................................شەو..............................................**

**ئایا........................................................................................................................................................................**

**.............ڕایکرد؟**

**نەخێر.........................................................................................................................................................**

**.......**

**٥.نەڕۆیشت:**

**چاودێر...........................**

**.......................................................بۆ قوتابخانە.................................................**

**چاودێر شەو..................................................................................................**

**ئایا.....................................................................................................................**

**.................................ڕۆیشت؟**

**نەخێر،......................................................................................................................................................**

**.**

**٦.نەهات:**

**دایکم.....................................**

**..............................................بۆ فەرمانگە.......................................................**

...................................................................لەماڵەوە...............................................

ئایا........................................................................................................................................................

هات؟..............

نەخێر......................................................................................................................................

گفتوگۆ:

(ا) گوێی لێبگرە و بیڵێرەوە.

ژیار: ئایا باوکم بەیانی لەماڵەوە هات بۆ قوتابخانە؟

ئەڤین:بەڵێ، باوکم بەیانی لەماڵەوە هات بۆ قوتابخانە.

ژیار: ئایا دوێنێ دایکم لەماڵەوە مایەوە؟

ئەڤین: نەخێر، دوێنێ دایکم لەماڵەوە نەمایەوە، دوێنێ دایکم ڕۆیشت بۆ بازاڕ.

ژیار: ئایا دوێنێ دایکم ڕۆیشت بۆ بازاڕ.

ئەڤین: نەخێر، دوێنێ بەیانی دایکم نەڕۆیشت بۆ بازاڕ. دایکم دوانیوەڕۆ ڕۆیشت بۆ بازاڕ.

(ب)

کاری پێکەوەیی، ناوی خۆت بەکاربهێنە و گفتوگۆکە دوبارەبکەوە.

ڕاهێنان(١٣)

گفتوگۆکانی ژێرەوە تەواوبکە.

ژیار: ............................. ئەڤین! دوانیوەڕۆ...........................................!

ئەڤین: سڵاو.......................................

ژیار: ....................... ئەمڕۆ دایکم ڕۆیشت بۆ بازاڕ؟

ئەڤین: بەڵێ، ............................................................................................

ژیار: ئایا ............................................... لەماڵەوە بۆ............................................ ڕۆیشت؟

ئەڤین: نەخێر، ................................................... دایکم لە قوتابخانە بۆ.......................................

ئاریا: ئایا دوێنێ مامۆستا هات بۆ قوتابخانە؟

ژیار: نەخێر، ...............................................دوێنێ .......................... بۆ کتێبخانە ............................

ئاریا: ئایا دوێنێ ئێوارە مامۆستا هات بۆ کتێبخانە؟

ژیار: نەخێر..................................................... بەیانی ......................................................

ڕاهێنان(١٤)

ئەم وشانەی خوارەوە بخەرە ڕستەوە:

نموونە: قوتابخانە:                <u>مامۆستا ڕۆیشت بۆ قوتابخانە.</u>

برا ..........................................................................................

گۆڕەپان ......................................................................................

قوتابی .....................................................................................

ڕۆیشت .......................................................................................

ڕایکرد ......................................................................................

پەرتوک ......................................................................................

## وانەی سێیەم



وشە نوێیەکان:
دانیشت، ڕاوەستا، میوان، منداڵ، مێز، کورسی، دار، مافور، باخ، مزگەوت، لەسەر، لەژێر، لەناو

بەکارهێنانی وشە نوێیەکان
دانیشت: منداڵەکە دانیشت.
ڕاوەستا: براکەم ڕاوەستا.
میوان: دوێنی میوان هاتنەماڵمان.
منداڵ: منداڵەکە چووە سەر مێزەکە.
کورسی: مامۆستا لەسەر کورسی دانیشت.
دار: شوانەکە لەبن دارەکە دانیشت.
مافور: ئاوەکە لەسەر مافورەکە ڕژا.
باخ: باوکم لەناو باخ هاتەوە.
مزگەوت: باوکم لە مزگەوت لەسەر مافورەکە دانیشت.
لەسەر: کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە.
لەژێر: قەڵەمەکەم لەژێر کتێبەکە دانا.
لەناو: کتێبەکەم لەناو جانتاکە دانا.

ڕاهێنانی (١)
وشەی گونجاو بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە هەڵبژێرە.
١- ئاسۆ بۆ ................................ ڕۆیشت. (لەسەر، مافور، قوتابی، باخ)
٢- قوتابییەکە لەپۆل لەسەر ...................... دانیشت. (مێز، کورسی، دار، ڕاوەستا)
٣- لانە ............................ دارەکە ڕایکرد. (لەسەر، باخ، دانا، لەژێر)
٤- لانە و ئاسۆ پێکەوە ..................... کورسی دانیشتن. (دار، ڕایکرد، لەسەر، ڕاوەستا)
٥- مامۆستا لە پۆل ..................... (مافور، کورسی، ڕاوەستا، دانا)
٦- دایکم ....................... دارەکە دانیشت. (میوان، کورسی، لەژێر، مزگەوت)
٧- لانە لەناو باخ .................... (لەسەر، منداڵ، مافور، ڕایکرد)
٨- ........................ بۆ قوتابخانە هات. (ڕاوەستا، مامۆستا، لەسەر، باخ)
٩- باوکم لەسەر ........................ دانیشت. (باخ، دار، کورسی، منداڵ)
١٠- .................. لەژێر مێزەکە دانیشت. (منداڵەکە، کتێب، لەسەر، میوان).



ڕاهێنانی (٢)

ئەم وشانەی خوارەوە لە شوێنی گونجاوی بۆشاییەکان دابنێ.

(دار، مزگەوت، منداڵەکە، مافور، کورسی، لەسەر، باخ، مایەوە)

١- ........ لەناو باخەکە ڕادەکات.

٢- میوانەکان ................. مافورەکە دانیشتن.

٣- باوکم لە .............. نوێژ دەکات.

٤- من لەژێر .............. دانیشتم.

٥- ئاوەکە لەسەر ............ ڕژا.

٦- مامۆستا لەسەر .................. دانیشت.

٧- مامۆستا لە قوتابخانە .....................

گۆکردن: دەنگەکان

دەنگە نەبزوێنەکان

ئـ : ئاو، ئاسمان، ئەستێرە، ئەو، ئێوە، ئاسۆ، ئەڤین، ئارد، ئامراز، ئاکار، ئاواز

ب ب، ـب، ـبـ

با، باو، بە، بۆ، بێ، دۆلاب، کەباب، برنج، بۆمب، داب، بالا، بەهار، بەهەشت، بازاڕ، سبەی، میمبەر، سونبول، بەرنامە، بەرخ

تـ ت، ـت، ـتـ
تا، تاڵ، تام، تەم، کتێب، تیپ، تۆپ، کەوت، هات، ڕۆیشت، دەست، مست، تور، تو، تەنەکە، مەتر، تەنیشت، تەرازو، تەون، کفتە، تفت

سـ س، ـس، ـسـ
باس، کەس، کراس، سەگ، سەد، سەر، سور، ساوەر، سیس، داس، مس، مسگەر، کورسی، سینگ، سەماوەر، یاسا، ڕێسا

جـ ـجـ ج، ـج
جار، جۆر، جام، هەڵەبجە، برنج، ساج، جوان، جوجەڵە، جۆ، باج، جێگا، جاران، پەنجا، پەنجە، جامانە، بەنج، جوگرافیا

حـ ـحـ ح، ـح
حەوت، حەفتا، حەلوا، تەسبیح، حەوا، حاڵ، حاڵەت، سیحەت، حەق، مزراح
خـ ـخـ خ، ـخ
خاو، خودا، خاڵ، خەسو، نرخ، تەڵخ، خانو، خەو، خزم، خێرا، داخ، بەرخ، خرخاڵ، خاپەرۆک، خانەقین، خانزاد، خەرمان، خەندە،

د، ـد
دو، دە، دۆ، دار، دەم، دهۆک، دەست، سەد، برد، سپێدە، گەدە، خوارد، ددان، ورد، کورد، مەرد، مێرد، بەرد، کوردستان، گەرد، دەرد

ڕاهێنانی (٣)
ئەم وشانەی خوارەوە بەدەنگی بەرز بخوێنەوە و ئەوانەی دەنگی (ئـ)یان تێدایە دیارییان بکە:
ئامەد، برا، خوشک، ئاواز، کوردستان، هەڵۆ، ئاوارە، دەم، بەرخ، بەش، حەوت، ئاسن، جام، جەلەولا، ئێمە، تۆ، بەرخ، تاڵ، تەم، ئاسک.

ڕاهێنانی (٤)

ئەم وشانەی خوارەوە بەدەنگی بەرز بخوێنەوە و ئەوانەی دەنگی (ت)یان تێدایە دیارییان بکە:

تەمەن، ئامەد، وڵات، هەور، برا، کوردستان، میللەت، منداڵ، کورسی، باخ، بەهار، هەتاو، هەور، تیر، باڵ، شاخ، مەڕ، تەرازو، هەڵو، تەزو.

ڕاهێنانی (٥)

ئەم وشانەی خوارەوە بەدەنگی بەرز بخوێنەوە و ئەوانەی دەنگی (س)یان تێدایە دیارییان بکە:

سلێمانی، خانو، ماڵ، ژن، سەر، هەرمێ، مۆز، سیر، پیاز، کوڕ، سەرۆک، برا، خوشک، دایک، سارد، ژن، گەرم، پرس، پڕ، برسی.

ڕاهێنانی (٦)

ئەم وشانەی خوارەوە بەدەنگی بەرز بخوێنەوە و ئەوانەی دەنگی (ح)یان تێدایە دیارییان بکە:

حەلەب، داستان، بەهەشت، حەڤدە، خانزاد، جوان، حەلوا، بەرخ، ڕیحان، هەڵاڵە، گوڵ، حەیران، گۆرانی، ڕوبار، گەڵا، حەمام.

ڕێزمان:

گەردانی کار (١) (ڕابردوی سادە)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کەسی یەکەمی تاک: | من ڕۆیشتم ← | من | ڕۆیشت | م |
| کەسی دوەمی تاک: | تۆ ڕۆیشتی ← | تۆ | ڕۆیشت | ی |
| کەسی سێیەمی تاک: | ئەو ڕۆیشت | ئەو | ڕۆیشت | Ø |
| | ← | جێناو | ڕەگی ڕابردو | جێناوی لکاوی |

ڕێکەوتن

کاری نەرێ

| | |
|---|---|
| کەسی یەکەمی تاک | من نەڕۆیشتم |
| کەسی دوەمی تاک | تۆ نەڕۆیشتی |
| کەسی سێیەمی تاک | ئەو نەڕۆیشت |

گۆڕینی جێناو

تۆ ← من

ئایا تۆ بۆ قوتابخانە ڕۆیشتی؟

بەڵێ، من بۆ قوتابخانە ڕۆیشتم.

نەخێر، من بۆ قوتابخانە نەڕۆیشتم

راهێنانی (٧)

لە بۆشیاییەکاندا کاری گونجاو دابنێ.

نمونە: من بۆ قوتابخانە ........................ (ڕۆیشتی، ڕۆیشتم، ڕۆیشت)

١- تۆ بۆ مزگەوت .................. (ڕۆیشت، ڕۆیشتی، ڕۆیشتم)

٢- ئەو لەسەر مێزەکە .................. (دانیشت، دانیشتی، دانیشتم)

٣- تۆ لە ماڵەوە ............................... (مامەوە، مایتەوە، مایەوە)

٤- من لە باخەکە ............................ (ڕاتکرد، ڕایکرد، ڕامکرد)

٥- ئەو لە پۆلەکە .................... (ڕاوەستا، ڕاوەستای، ڕاوەستام)

راهێنانی (٨)

لەم بۆشاییانەی خوارەوەدا جێناوی گونجاو دابنێ:

نمونە: .......تۆ.... بۆ کتێبخانە ڕۆیشتی.

١- .................... لەژێر درەختەکە دانیشت.

٢- ........................ لەقوتابخانە مامەوە.

٣- ...................... لە حەوشە ڕایکرد.

٤- ................... لەسەر کورسییەکە دانیشتی.

٥- ................... بۆ کتێبخانە هاتم.

راهێنانی (٩)

لەم بۆشاییانەی خوارەوەدا وشەی گونجاو دابنێ.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- هات: | ......من.... هاتم | ........تۆ.... هاتی | ......ئەو.... هات |
| ٢- مایەوە: | من ............ | تۆ ...................... | .............. مایەوە. |
| ٣- ڕۆیشت: | ............ ڕۆیشتم | تۆ ....................... | ئەو.................... |
| ٤- دانیشت | من.................. | ............. دانیشتی. | ئەو ................... |
| ٥- ڕاکرد | من ................ | تۆ ..................... | ................... ڕایکرد |
| ٦- ڕاوەستا | ........... ڕاوەستام | تۆ .................... | ئەو .................... |

راهێنانی (١٠)

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە.

نمونە: ئایا تۆ بۆ کتێبخانە ڕۆیشتی؟

بەڵێ، من بۆ کتێبخانە ڕۆیشتم.

١- ئایا ئەو هات بۆ فەرمانگە؟

بەڵێ، .................................................................

٢- ئایا تۆ لەسەر مێزەکە ڕاوەستای؟

نەخێر...........................................................

٣- ئایا تۆ لەماڵەوە مایەوە؟

بەڵێ، .........................................................

٤- ئایا تۆ لەسەر مافورەکە دانیشتی؟

نەخێر، ........................................................

٥- ئایا ئەو لەگەڵ ئاسۆ ڕۆیشتن بۆ هەولێر؟

بەڵێ، ...................................................................

راهێنانی (١١)

ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕێکبخە:

نمونە: ڕۆیشت، مامۆستا پۆل، بۆ ← مامۆستا بۆ پۆل ڕۆیشت.

١- باخەکە، من، بەیانی، لە، ڕامکرد.

...............................................................................

٢- تۆ، ڕۆیشتی، دوێنی، بازاڕ، بۆ، ئایا

...................................................................................

٣- منداڵەکە، مێز، لەژێر، دانیشت.

......................................................................................

٤- باوکم، لەگەڵ، ڕۆیشتم، مزگەوت، بۆ،

.......................................................................................

٥- تۆ، ئایا، دوێنی، کتێبخانە، بۆ، ڕۆیشتی

........................................................................................

گوێبگرە و بیڵێرەوە
ڕاوەستا
منداڵەکە ڕاوەستا
منداڵەکە لەسەر مێز ڕاوەستا
منداڵەکە لەماڵەوە لەسەر مێز ڕاوەستا.
دوێنی منداڵەکە لە ماڵەوە لەسەر مێز ڕاوەستا.
ئایا دوێنی منداڵەکە لە ماڵەوە لەسەر مێز ڕاوەستا؟
بەڵێ، دوێنی منداڵەکە لە ماڵەوە لەسەر مێز ڕاوەستا.
ئایا دوێنی شەو لانە لە کتێبخانە لەسەر مێز ڕاوەستا؟
نەخێر، دوێنی شەو لانە لە کتێبخانە لەسەر مێز ڕانەوەستا.

لانە ڕانەوەستا.
لانە لەسەر مێز ڕانەوەستا.
لانە لە کتێبخانە لەسەر مێز ڕانەوەستا.
دوێنی شەو لانە لە کتێبخانە لەسەر مێز ڕانەوەستا.

دانیشت
میوان دانیشت.
میوان لەسەر قەنەفە دانیشت.
میوان لە فەرمانگە لەسەر قەنەفە دانیشت.
دوێنێ میوان لە فەرمانگە لەسەر قەنەفە دانیشت.
ئایا دوێنێ میوان لە فەرمانگە لەسەر قەنەفە دانیشت؟
بەڵێ، دوێنێ میوان لە فەرمانگە لەسەر قەنەفە دانیشت.

دانەنیشت
قوتابییەکە دانەنیشت.
قوتابییەکە لەسەر مێز دانەنیشت.
قوتابییەکە لە پۆل لەسەر مێز دانەنیشت.
دوێنێ قوتابییەکە لە پۆل لەسەر مێز دانەنیشت.
ئایا دوێنێ قوتابییەکە لە پۆل لەسەر مێز دانەنیشت؟
نەخێر، دوێنێ قوتابییەکە لە پۆل لەسەر مێز دانەنیشت.

ڕاهێنانی (١٢)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە.

١- ڕاوەستا:

ئاسۆ..................................

.............................................. لەسەر مێز ...................................................

دوێنێ شەو ................................... ................................ ..................... .......................................

.................. ........................... لە پۆل ................................ .............................

.............................................

ئایا ........................ ........................ ........................... ............... ......................

............................ ....................؟

نەخێر ......................... ........................... .................................. ..........................................

٢- ڕانەوەستا

هاوپۆلەکەم ..................................

........................... لەسەر دارەکە .........................................

دوێنێ ......................... لە حەوشە ................................... ........................................

...............................

ئایا ........................... ...................... ....................... ...................... ....................... ....................

ڕاوەستا؟

نەخێر ..................... .................... ....................... ...................... ............................... ...................

......................

٣- دانیشت:

منداڵەکە ....................................

............................ لەسەر مافور ............................................

............................ لەماڵەوە ......................... ......................... ..........................

ئایا ....................... ....................... ......................... کورسی ..............................؟

نەخێر ......................... ....................... ......................... .......................... ..............................

٤- دانەنیشت

لانە...................................

............................ لەسەر دارەکە ................................

.......................... لە باخ ...................... .................... ..........................

ئایا .................. ....................... .......................... ............................... دانیشت؟

نەخێر ................... ............................ ............................ ............................. ......................................

گفتوگۆ:

ئاسۆ: لانە! ئایا دوێنی بەیانی تۆ بۆ قوتابخانە ڕۆیشتی؟

لانە: نەخێر، دوێنی بەیانی من بۆ قوتابخانە نەڕۆیشتم، من بۆ کتێبخانە ڕۆیشتم.

ئاسۆ: ئایا سایەش بۆ کتێبخانە هات؟

لانە: نەخێر، سایە بۆ کتێبحانە نەهات، شنۆ بۆ کتێبخانە هات.

لانە: ئایا تۆ دوێنی شەو ڕۆیشتی بۆ باخ؟

ئاسۆ: نا، من دوێنی شەو لەماڵەوە مامەوە.

لانە: ئایا باوکەش لە ماڵەوە مایەوە؟

ئاسۆ: نا، باوکە بۆ باخ ڕۆیشت

| فەرمی | نافەرمی |
|---|---|
| نەخێر | نا |

گفتوگۆ:

ئەحمەد: سڵاو من ئەحمەدم تۆ ناوت چییە؟

ئالان: سڵاو من ئالانم.

ئەحمەد: ئایا تۆ خەڵکی کوردستانی؟

ئالان: بەڵێ من خەڵکی کوردستانم. ئایا تۆش خەڵکی کوردستانی؟

ئەحمەد: نا، من عێراقیم، ئەو ناوی چییە؟

ئالان: ناوی محمدە ئەویش عێراقییە.

| | | |
|---|---|---|
| من | کرێکار | م |
| تۆ | کرێکار | ی |
| ئەو | کرێکار | ە |

ڕاهێنانی (١٣)

گفتوگۆکانی خوارەوە تەواوبکە.

بێری: ئالان! ئایا دوێنی نیوەڕۆ ڕۆیشتی بۆ باخ؟

ئالان: نا، ................ .................... .................... .................... ......................... بۆ مزگەوت
..................................

بێری: ئایا لەگەڵ باوکە ................. ....................... ............................ ............................

ئالان: نا، لەگەڵ مامۆستا ................. ...................... ..............................

لانە: ئایا تۆ دوێنێ ئێوارە بۆ کتێبخانە ڕۆیشتی؟

ئاسۆ: بەڵێ، ....................... ................. ............. .................... ......................

لانە: ئایا تۆ لەگەڵ ئالان .................... .................. .................. ........................ ..........................

ئاسۆ: نە، .................... ...................... ......................... ......................... ......................... .....................

سایە: دایکە! ئایا ئالان لەسەر کورسییەکە دانیشت؟

دایک: نە ..................... ......................     لەسەر قەنەفە ..........................................

سایە: ئایا ڕازیش لەسەر قەنەفە ............................................

دایک: بەڵێ، ........................................ ....................... ............................. ................................

گوڵاڵە: سڵاو، من گوڵاڵە ...................

هەوار: سڵاو، ...............................................................

گوڵاڵە: ئایا تۆ عێراقی.........................................................

هەوار: بەڵێ، .........................................................................................

؟.........................................................................................

سایە: بەڵێ، ..................................................................................................... ئەو ناوی

؟.................................

هەوار: ................................................................................................... ئایا

ئەو.................................................؟

سایە: نا، ئەو عێراقی..............................

راهێنانی (١٤)

بۆ هەر یەک لەم وشانەی خوارەوە ڕستەیەک بنوسە.

نمونە: دار: ئالان لە ژێر دارەکە دانیشت.

باخ: ..........................................................................................

ئەو: ............................................................................................

کتێبخانە: ...............................................................................

دانیشت: ..............................................................................

م: ........................................................................................

مندالْ: ..................................................................................

میوان: ..................................................................................

## وانەی چوارەم



وشە نوێیەکان

باران باری، خەوی لێکەوت، خۆر، مانگ، ئەستێرە، ئاسمان، زەوی، دەریا، هەور، شاخ، ڕۆژ، باران، بەفر، میوە، کەشتی، و

بەکارهێنانی وشە نوێیەکان

باران باری: باران بە لێزمە باری.

کەوتە خوارەوە: میوەکە لە دارەکە کەوتە خوارەوە.

خەوت: مندالْەکە خەوت.

خۆر: خۆر لە ڕۆژدا دەرکەوت.

مانگ: مانگ و ئەستێرە لە شەودا دەرکەوتن.

بەفر: بەفر لەسەر شاخەکە باری.

دەریا: ئاکام بە کەشتی چوە دەریا.

راهێنان (١)

وشەی گونجاو بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە هەڵبژێرە:

١. بەفر لە ................ دەکەوێتە سەر زەوی. (شاخ، ئاسمان، کەشتی، مانگ)

٢. من لەسەر .................. خەوتم. (ئەستێرە، دەریا، باخ، کەشتی)

٣. ................ شەوان لە ئاسمان دەردەکەوێ. ( بەفر، مانگ، ڕۆژ، شەو)

٤. ئایا تۆ لەسەر.................. خەوتوی؟ (مانگ، بەفر، ڕۆژ، شەو)

٥. خۆر دەرکەوت و .................. ونبو. (ماڵ، برا، مانگ، میوە)

راهێنان (٢)

وشەکان لەشوێنی گونجاو دابنێ:

بەفر، نەباری، نەخەوتین، ئەستێرە، دانیشتن، ماڵەوە

نمونە: ڕاز لەسەر بەفرەکە وەستابو.

١- دوێنێ باران.......................

٢- .............بەشەو لە ئاسمان دیارە.

٣- ئایا ........... لە شاخەکان باری؟

٤- دوێنێ شەو ئێمە لەسەر کەشتی...........

٥- مامۆستاکان لەسەر قەنەفەکە ............

٦- من و دایکم لە ........ ماینەوە.

٢- گۆکردن (دەنگەکان)

پیتە نەبزوێنەکان

(ز)

(زەرد، زەنگ، زێڕ، زمان، زەوی، زەردەواڵە، زاوا)

بزمار، بازو، بازن، مزراح، گەزۆ، دەزو، بزن، زریزە، باز)

(ڕەز، وەرز، مێز، پایز)

.........................

(ر)
(مار، هەنار، سەر، سور، دار، مۆر، هەور، هەنجیر، کار، پیر، شیر، تیر،سیر، میر، شار، ساوار، بلوێر، بار، بەفر، دەفر)
( سمۆرە، هەرمێ، دەریا، زەریا، باران، پەردە، پەرداخ، لیرە، سارد، گەرم،،گورک، باپیرە، داپیرە، برا، دەرگا، پەنجەرە، پرتەقاڵ، پرتەقاڵی، نارنج، شیرین، بەراز)
(ڕ)
(ڕایەخ، ڕێوی، پەڕ، ڕۆژ، پاپۆڕ، ڕۆیشت، ڕێواس، ڕاکردن، ڕاگرتن، ڕژا، ڕان، ڕاو، مەڕ، پۆڕ، تۆڕ،ڕابردو، ڕەژو)
(پێمەڕە، ڕەوڕەوە)
........................................................
(شـ شـ ش)
(شار، شین، شەکر، شیر، شەو، شەش، شاخ، شوتی، شەقام، شانە،  شەربەت، شێلم)
(شمشاڵ، مشک، خشت، مێش، هەشت، پشت، کەشتی، دوپشک، مشت، دەشت، خاشاک، پشیلە، دۆشاو، شاشە، شوشە)
(پوش، شەش، ماش، قوماش، ڕەش، کڵاش، ئاش)
(فـ فـ ف)
(فیل، فرین، فێرخواز، فڕۆکە، فڕۆکەخانە، فانۆس، فریشتە، فریز، فەرو، فێرگە، فۆڕم)
(مافور، شوفڵ، بەفر، فراوان، زەڕافە)
................................................
(کەف، ماف، دەف، پێخەف، ساف، زەرف)
(مـ مـ م)
(من، مۆر، مراوی، مێز، میوە، مۆم، مێوژ، مل، مار، ماست، ماچ، مل، مانگ، مانگا، مانگۆ)
(شەمشەمەکوێرە، کەمانچە، مارمێلکە، مامز، پەڕەموچ، شمشاڵ، مەیمون، ئێمە، مام، تیمساح)
..........................................
(نـ نـ ن)
(نارنج، نێرگز، نوێژ، نۆک، نیسک، نۆ، ناسک، نەوت، ناوک، نۆتە، نەورۆز، نەی، نەمام، نەڕە)
(هەنگوین، هەنار، هەنجیر، هەنگ، گەردون، گەنم، بینی، بنار، خانو)
( شین، خوێن، ددان، نان، کۆن، ئاسمان، بەران، شیرین)
....................................
(قـ قـ ق)
(قاز، قازان،قوڵ، قامیش، قردێلە، قۆپچە، قاوە، قاوەیی، قارچک، قەل، قەبر، قاپ، قوڕگ، قیڕەقیڕ، قوڕ، قەرەج)

(لەقلەق، تاقانە، پاقلە، مقاش، قەلەڕەش، قولاپ)
( بۆق، شلۆق، ڕەق، شەق، شەوق، لاق، تاق، دەق، بلّق، سلّق، زەق، تەقتەق)
...........................................
(ک ک ک)
(کەو، کەوت، کۆن، کاک، کەباب، کۆتر، کوخ، کوڕ، کولانە، کاسە، کەوچک، کەپر، کچ، کێوی، کارەبا)
(کونجی، کەروێشک، کۆشک)
( پەرتوک، خوشک، دەسک، باوک، چیرۆک، کەوچک، گیسک)
................................
(ل ل ل)
( لێو، لیمۆ، لیڵ، لێوار، لاق)
( بلوێر، هێلکە، هێلانە، لاولاو، کلیل)
(فیل، مل، شل، مەل)
..........................................
پیتە بزوێنەکان
(و)
وشە، وڵات، وار، وازی، وەرە، وانە، وەرز
مێرولە، بلوێر، دوێنێ، ژور، سور، کوڕ، سوێر، ئێوە، ئەوان، قورگ، قاوە، قاوەیی، قاوەڵتی، لوت،
بوک، سوراو، خوشک، باوک، پور، دور، ئەوین
(پێڵاو، سێو، مێو، ڕاو، کەو، ئەو)
...........................
(ی ی ی)
(یاری، یاسەمین، میر، بیر، سیر، سیل، پیاو، پشیلە، نزیک، هەنجیر، مۆبایل، ئایپاد، خەیار، پەیکەر،
کۆمپیوتەر، شیر، زیو، لیمۆ، دەریا، کلیل، بیبەر، دیوار، یاقوت، میل، بامیە، پیاز، هەنگوین)

گۆکردن دەنگی (ا)
باران ــــــــ ب+ ا + ر + ا + ن
پایز ــــــــ پ + ا + ی + ز

بزوێنی(و)

وشه ـــــــ و + ش + ه
خوشک ـــــــــ خ + و + ش + ک
بازوـــــــ ب +ا + ز + و

بزوێنی(ی)
یاری ـــــــ ی +ا + ر + ی
هەنجیرـــــــ هـ + ه+ ن + ج + ی + ر
وازی ـــــ و +ا + ز + ی

راهێنان (٣)
ئەم وشانەی خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەوە و ئەو وشانەی پیتی نەبزوێنی (ق، ق، قـ قـ) تێدایە دەستنیشان بکە.
یاقلە، باران، سیر، مقاش، لاوی، مۆبایل، سلّق، زەق، ئایپاد، تەقتەق، خەیار، قەبر، مێروله، بلوێر، قاپ، قورگ، سوێر، قیرەقیڕ، سور، کوڕ، شەق، ژور، شەوق، دوێنێ، هەنجیر

راهێنان (٤)
ئەم وشانەی خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەوە و ئەو وشانەی پیتی نەبزوێنی (ز، ـز) تێدایە دەستنیشان بکە.
ڕەز، وەرز، سور، مێز، دەم، پارە، پایز، سور، بزمار، بازو، ژور، بازن، مزراح، تەقتەق، گەزۆ، بلوێر، زەرد، قورگ، زەنگ، زێڕ، سیر، زمان، هەنجیر، زەوی، کوڕ

راهێنانی (٥)
گوێ لە دەنگەکە بگرە، پاشان وشەکان بۆ بزوێن و نەبزوێن شیبکەوە:
نمونە: تەقتەق = ت + ه + ق / ت + ه + ق

| | |
|---|---|
| یاسەمین= ....................... | لێوار= ....................... |
| پشیلە = ....................... | نێرگز= ....................... |
| مۆبایل = ....................... | قارچک= ....................... |
| قردێلە = ....................... | قورگ= ....................... |
| قەرەج = ....................... | نەورۆز= ....................... |
| هەنگ = ....................... | نیسک= ....................... |

ڕێزمان// ڕابردوی سادە

کەسی یەکەمی کۆ ـــــــ ئێمە ڕۆیشتین/ ئێمە+ ڕۆیشت+ ین
جێناو + کار+ جێناوی لکاو

کەسی دوەمی کۆ ـــــ ئێوە ڕۆیشتن/ ئێوە + ڕۆیشت + ن
جێناو + کار+ جێناوی لکاو

کەسی سێەمی کۆ ـــــ ئەوان ڕۆیشتن/ ئەوان+ ڕۆیشت+ ن
جێناو + کار+ جێناوی لکاو

کاری نەرێ

کەسی یەکەمی کۆ ــــــ ئێمە نە ڕۆیشتین/ ئێمە+ نە+ڕۆیشت+ین

کەسی دوەمی کۆ ـــــ ئێوە نە ڕۆیشتن/ ئێوە +نە+ ڕۆیشت +ن

کەسی سێەمی کۆ ـــــ ئەوان نە ڕۆیشتن/ ئەوان+ نە+ڕۆیشت+ن

گۆڕینی جێناو

ئێوە دەبێتە ئێمە

ئایا ئێوە ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە.

بەڵێ ئێمە ڕۆیشتین بۆ قوتابخانە.

بەفر و باران باری (بکەر+ کاری ڕابردو)

ئاسۆ و لاوی هاتن.

ئاسۆ لەگەڵ لاوی هات.

ڕاهێنانی(٦)

وشەی گونجاو بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە هەڵبژێرە:

١- بەفروباران لە شاخەکان.............. (کەوت، ڕۆیشت، هات، باری)

٢- لە باخەکەدا لەسەر کورسی........... (دانیشتم، ڕۆیشتم، خەوتم، هەڵستام)

٣- ئێمە دوێنێ بە کەشتی................ (خەوتین، ڕۆیشتین، کەوتین، هاتین)

٤- ئایا ئێوە لەسەر درەختەکە...........؟ (کەوتن، هاتن، رۆشیتن، خەوتن)

٥- من لەسەر فەرشەکە.......... (دانیشتم، خەوتم، ڕۆیشتم، کەوتم)

راهێنانی (٧)

ئەم نمونانەی خوارەوە وەک نمونەی شیکارکراو لێبکە:

نمونە: ئایا ئێوە بۆ هەولێر ڕۆیشتن؟

١-............... لەسەر کورسی دانیشت.

٢- ............... لەژێر درەختەکە خەوتن.

٣- .................بۆ بازاڕ ڕۆیشتن.

٤- ........... وانەکەت خوێند.

٥-.......... چوم بۆ قوتابخانە.

راهێنان(٨)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەوە، وەک نمونەی شیکارکراو:

| | | |
|---|---|---|
| هات // من هاتم. | ئێوە هاتن. | ئەوان هاتن. |
| ١- ڕۆیشت // ............ رۆیشتم. | ئێوە........... . | ............ ڕۆیشتن. |
| ٢- دانیشت// من............ . | ............دانیشتن. | ئەوان............ . |
| ٣- خەوت// ..........خەوتم. | ئێوە.......... . | ........... خەوتن. |
| ٤- کەوت// من.......... | .......... کەوتن. | ئەوان............ . |

راهێنان(٩)

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوەوە، وەک نمونەی یەکەم:

١-ئایا تۆ بۆ باخچەکە ڕۆیشتی؟

بەڵێ من بۆ باخچەکە ڕۆیشتم.

٢-ئایا ئەوان لە بازاڕ بۆماڵەوە هاتنەوە؟

نەخێر:

٣-ئایا ئەو لەسەر زەوی خەوتوە؟

بەڵێ:

٤-ئایا ئیوە چون بۆ قوتابخانە؟

بەڵێ:

راهێنانی(١٠)

ئەو وشانە ڕێکبخە و ڕستەی لێدروست بکە، وەک نمونەی یەکەم:

نمونە/ ئازاد، گۆڕەپان، لە، ئایا، ڕایکرد    ئایا ئازاد لە گۆڕەپان ڕایکرد.

١. کەوتین، لەسەر، ئێمە، بەفر    ............................................................

٢. باری، دوێنێ، باران ..............................................................
٣. ئاسمان، ئایا، باری، تۆ ..............................................................
٤. پار، دهۆک، بۆ، تۆ، ڕۆیشتی ..............................................................
٥. و، مانگ، بە، شەو، دەرکەوتن، ئەستێرە ................................................

گوێبگرە و بیلێرەوە
باری
بەفر باری
دوێنێ بەفر باری
دوێنێ بەفر لەسەر
دوێنێ بەفر لەسەر شاخەکان
دوێنێ بەفر لەسەر شاخەکان باری
ئایا دوێنێ بەفر لەسەر شاخەکان باری؟
بەڵێ: دوێنێ بەفر لەسەر شاخەکان باری.

نەباری
بەفر نە باری
دوێنێ بەفر نە باری
دوێنێ بەفر لەسەر
دوێنێ بەفر لەسەر شاخەکان
دوێنێ بەفر لەسەر شاخەکان نە باری
ئایا دوێنێ بەفر لەسەر شاخەکان نە باری؟
نەخێر: دوێنێ بەفر لەسەر شاخەکان نە باری.

کەوتم
من کەوتم
من لەسەر
من لەسەر کورسی
من لەسەر کورسی کەوتم
دوێنێ من لەسەر کورسی کەوتم
دوێنێ من و هاورێکانم لە پۆلدا لەسەر کورسی کەوتین.

ئایا دوێنێ تۆ و هاوڕێکانت لە پۆلدا  لەسەر کورسی کەوتن؟
نەخێر: دوێنێ من و هاوڕێکانم لە پۆلدا  لەسەر کورسی نەکەوتین.

خەوتن
ئێوە خەوتن
دوێنێ ئێوە خەوتن
دوێنێ  نیوەڕۆ خەوتن
دوێنێ  نیوەڕۆ ئێوە خەوتن
دوێنێ نیوەڕۆ ئێوە لەماڵەوە
دوێنێ نیوەڕۆ ئێوە لە ماڵەوە  لەگەڵ
دوێنێ نیوەڕۆ ئێوە لە ماڵەوە لەگەڵ دایکتان
دوێنێ نیوەڕۆ ئێوە لە ماڵەوە لەگەڵ دایکتان خەوتن
ئایا دوێنێ نیوەڕۆ ئێوە لە ماڵەوە لەگەڵ دایکتان خەوتن؟
بەڵێ: دوێنێ نیوەڕۆ لە ماڵەوە لەگەڵ دایکمان خەوتین.
نەخەوتین
ئێوە نەخەوتن
دوێنێ ئێوە نە خەوتن
دوێنێ  نیوەڕۆ ئێوە نە خەوتن
دوێنێ  نیوەڕۆ ئێوە لە ماڵەوە
دوێنێ  نیوەڕۆ ئێوە لە ماڵەوە لەگەڵ
دوێنێ نیوەڕۆ ئێوە لە ماڵەوە لەگەڵ دایکتان
دوێنێ نیوەڕۆ ئێوە لە ماڵەوە لەگەڵ دایکتان خەوتن
ئایا دوێنێ نیوەڕۆ ئێوە لە ماڵەوە لەگەڵ دایکتان خەوتن؟
نەخێر: دوێنێ نیوەڕۆ  لە ماڵەوە  لەگەڵ دایکمان نەخەوتین.

گفتوگۆ

ئاسۆ: سڵاو دایکە! بەیانی باش!

دایک: سلاو ئەزیزم! بەیانی باش!

ئاسۆ: ئایا دوێنێ شەو باران باری!

دایک: نەخێر! دوێنێ شەو باران نەباریوە!

ئاسۆ:ئایا نمە بەیانی چو بۆ قوتابخانە؟

دایە: نە! نمە نەچو بۆ قوتابخانە چو بۆ خەستەخانە.

ئاسۆ: ئەها! ئەو چو بۆ خەستەخانە.

دایە: ئەرێ: ئەو لەگەڵ باوکت چو بۆ خەستەخانە.

لاوی: ژیار! ئایا دوێنێ نالی و ئاسۆ هاتن بۆ قوتابخانە؟

ژیار: نە، ئەوان نەهاتون بۆ قوتابخانە.

لاوی: ئایا ئەوان چون بۆ گەشت؟

ژیار: نە، ئەوان گەشتیان نەکردوە، ئەوان لەسەر درەختەکە کەوتنە سەر زەوی.

لاوی: ئایا ئەوان چون بۆ خەستەخانە؟

ژیار: نە، ئەوان ئێستا لەماڵەوەن، چونکە ئێستا باشترن.

نازەنین: ببورە، ئایا ئێوە سەرپەرشتیارن؟

نەرمین و نازدار: نە ئێمە مامۆستاین.

نازەنین: ئایا ئەوان سەرپەرشیار و بەڕێوەبەرن؟

نەرمین: بەڵێ، ئەوان سەرپەرشیار و بەڕێوەبەرن.

نازەنین: سوپاس بۆ ڕێنماییەکانتان.

نەرمین: شایەنی نییە.

من قوتابیم

تۆ قوتابیت.

ئەو قوتابییە.

راهێنانی(١٢)

ئەم گفتوگۆیانەی خوارەوە تەواوبکە:

ئاسۆ: سڵاو باوکە

باوک: ...............................؟

ئاسۆ: ...............................دایکم بۆ........................... ڕۆیشت

باوک: نەخێر،........................................ دایکت بۆ....................................

نمە: نازەنین، ئایا دوێنێ سارا چو بۆ گەشت؟

نازەنین: ئەرێ،.......................................................

نمە: ئایا ئەو بۆکەرکوک......................؟

نازەنین: نە، ئەو.................................................

نمە: ئایا ئەو لەگەڵ باوک و دایکی چو بۆ کەرکوک؟

نازەنین: ئەرێ،....................................................

ئارام: ................ ئێوە لە خەستەخانە بون.

ئاسۆ و نمە: نە، ئێمە..................................؟

ئارام: ئایا ئەوان............................................

ئاسۆ و نمە: بەڵێ، ..........................................................................

ئارام: ............. بۆ ڕێنماییەکانتان.

ئاسۆ و نمە: ...................................

راهێنانی(١٣)

لەم وشانەی خوارەوە ڕستە دروستبکە.

١- ئێمە: .................................................................................

٢- ئێوە:.................................................................................

٣- باری: ...............:...........................................................

٤- نەخۆشخانە: ...............................................................

٥- قوتابخانە: ...............................................................

٦- بازاڕ: ....................................................................

٧- ئاسمان: ...................................................................

٨- ڕێنمایی: ...................................................................

٩- ڕۆیشت: ..................................................................

پوختە / وشە نوێیەکان

( باری، بەفر، باران، کەوت، خەوت، سوپاس، ببورە، مانگ، ئەستیرە، ئاسمان، زەوی، دەریا، هەور، شاخ، ڕۆژ، میوە، کەشتی، و، من، تۆ، ئێمە، ئێوە، ئەو، ئەوان، بیابان، نەخۆشخانە، گەشت، ڕێنمایی، باش، بریندار، دایک، ئەرێ)

ڕێزمان/

کەسی یەکەمی کۆ/ من ڕۆیشتم ـــــ ئێمە ڕۆیشتین

کەسی دوەمی کۆ/ تۆ ڕۆیشتیت ـــــ ئێوە ڕۆیشتن

کەسی سێەمی کۆ/ ئەو ڕۆیشت ـــــ ئەوان ڕۆیشتن

گۆڕینی جێناوەکان

من ـــــــ ئێمە

تۆـــــــ ئێوە

ئەو ـــــ ئەوان

## وانەی پێنجەم پێداچونەوە



راهێنان (١)

وشەکان لە شوێنی گونجاو دابنێ:

تۆ، نەخۆشخانە، پۆل، ئەستێرەکان، دانیشتن، ڕایانکرد، خەوتین

١- .................. بەشەوان لە ئاسمان دەردەکەوێ.

٢- ڕاز و ڕەوا لە گۆڕەپانەکەوە بۆ ..............ڕۆیشتن.

٣- ئایا ................. بەسەر شاخی بەفری سەرکەوتویت؟

٤- دوێنێ شەو لە ناو کەشتی ...................

٥- مامۆستا و بەڕێوەبەر لەسەر قەنەفەکە ..................

٦- من و دایکم لە ناو ..................... ماینەوە.

٧- لە بیابانەوە بەرەو دەریا .....................

راهێنان (٢)

بە هێڵێک ئەو وشانەی پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بەیەکتر بگەیەنە:

| | |
|---|---|
| خۆر | شەو |
| نەخۆش | قوتابخانە |
| میوە | هەور |
| پۆل | ڕۆژ |
| ئەستێرە | تکایە |
| کەشتی | نەخۆشخانە |
| باران | درەخت |
| ببورە | دەریا |

راهێنان (٣)

ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕبکەوە:

دوێنێ بەیانی من چوم بۆ باخەکە، ڕاز و ڕەوا لە باخەکە لەسەر مافور ............، نیوەڕۆ من لە باخەکە ڕۆیشتم، لە دەریا لەسەر .......... دانیشتم، عەسر .......... باری. .......... و ......... لەسەر شاخەکان باری، شەو ئێمە بە .......... ڕۆیشتین.

راهێنان (٤)

بە هێڵێک وشە دژیەکەکان بەیەکتر بگەیەنە:

| | |
|---|---|
| دەریا | شەو |
| ئاسمان | دانیشتن |
| ڕۆژ | نەخێر |
| هەستان | بیابان |
| تەندروست | ماڵئاوا |
| خۆر | نەخۆش |
| بەڵێ | ژێر |
| سڵاو | زەوی |
| لەسەر | مانگ |

راهێنان (٥)

ئەو وشانەی کە دەنگەکانی لای ڕاستیان تێدایە بە یەکتر بگەیەنە:

| | |
|---|---|
| تازە | ا |
| قوتابی | ک |
| باوک | ە |
| خوشک | ت |
| دەریا | و |
| ئاسمان | ب |
| کۆترک | |
| کێوی | |

راهێنان (٦)

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:

نمونە: ئایا دایکم بۆ فەرمانگە ڕۆیشت. (بازاڕ)

نەخێر، دایکم بۆ فەرمانگە نەڕۆیشت، ئەو بۆ بازاڕ ڕۆیشت.

١.ئایا میوانەکان لەسەر مافور دانیشتبون؟ (قەنەفە)

نەخێر، ....................................................................................
٢. ئایا ئەوان بۆ نەخۆشخانە ڕۆیشتن؟ (باخ)
نەخێر، ....................................................................................
٣. ئایا تۆ لە پۆل یاریتکرد؟ (گۆڕەپان)
نەخێر، ....................................................................................
٤. ئایا دوێنێ بەڕێوەبەر بۆ پۆل هات؟ (مامۆستا)
نەخێر، ....................................................................................
١. ئایا دوێنی بەیانی بەفر باری؟ (شەو)
نەخێر، ....................................................................................
٢. دوێنێ شەوماڵەوەت جێهێشت؟ (مامەوە)
نەخێر، ....................................................................................

ڕاهێنان (٧)

ئەم خشتەیەی خوارەوە تەواوبکە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| من | هاتم | ئێمە | .............. |
| ............ | هاتی | .............. | هاتن |
| .............. | هات | .............. | ................ |
| | | | |
| .............. | .............. | .............. | .............. |
| ............. | ............... | .............. | ............... |
| .............. | .............. | .............. | خەوتن |

ڕاهێنان (٨)

ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە تەواوبکە.

ڕەوا: ڕاز! تۆ دوێنێ بۆ کتێبخانە ڕۆیشتی؟

ڕاز: نەخێر، ....................................................................................

من بۆ ....................................................................................

ڕەوا: ئایا دایکت لەگەڵ تۆ هات بۆ بازاڕ؟

ڕاز: بەڵێ،....................................................................

ڕاهێنان (٩)

لەسەر ئەم وێنەیەی خوارەوە دارشتنێک بنوسە.

# وانەی شەشەم




وشە نوێیەکان

(نان، شەوان، ئێواران، بەیانییان، نیوەڕۆ، خوارد، زۆر، مێز، شەکر، چای، خوشک، برا، ڕشت، لەسەر، ئامادە، پەرداخ، پیاڵە، قوتابی، دایک، باوک، چێشتخانە، میوە، پەنیر، جێهێشت)

بەکارهێنانی وشە نوێیەکان

لێنان: دایکم چێشتەکەی لێنا.

خوارد: ئایا دوێنێ شەو نانت خوارد؟

خواردەوە: من دو پەرداخ ئاوم خواردەوە.

دانا: من نانم لەسەر سفرەکە دانا.

بەیانییان: من بەیانییان نان و پەنیر دەخۆم.

نانی نیوەڕۆ: دوێنێ نانی نیوەڕۆمان لە چێشتخانە خوارد.
چا: ئایا ئێوە چای شیرین یان تاڵ دەخۆنەوە؟
دوای: ئێمە دوای نان چامان خواردەوە.

راهێنانی (١)
وشەی گونجاو بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە هەڵبژێرە:
١- من بەیانییان نان و...............دەخۆم. (شەکر، پەنیر، نیوەرۆ، ئێوارە).
٢- دوێنێ قوتابییەکان کتێبەکانیان لەسەر مێزەکە.................. (خوارد، ڕۆیشت، جێهیشت، چا).
٣- دایک و باوکم چای بە................. دەخۆنەوە (شەکر، ئاو، پەنیر، ڕۆن)
٤- ئایا! قوتابییەکان نانی.................... یان خواردووە؟ (ئێوارە، نیوڕۆ، شەو، بەیانی)
٥- خوشکم خواردنەکەی لە................. کە ڕشت. (خوار، تەنیشت، سەر، ژێر)
٦- براکەم نانی ئێوارە لە ..................... خوارد. (قوتابخانە، بازاڕ، چێشتخانە، پارک)
٧- دوێنێ ئێوارە خوشکم خواردنی............... نەکرد. (ئامادە، بەجێهێشت، نەخوارد، ڕشت)
٨- ئەوان ئاویان بە........... خواردەوە.(پەرداخ، پیاڵە، چاپ، کەوچک).
٩- ئێوە بە چی چون بۆ ..................... (ئاو، قوتابخانە، میوە، دانیشت)
١٠- ئەو ...........ی خوارد. (میوە، گوڵ، کەوت، سەر)



راهێنانی(٢)
ئەم وشانە لە شوێنی گونجاو دابنێ:
(من، چا، باوک، ماڵ، بەجێهێشت، ئامادەکرد، نان، بەیانی، بەفر، سەر، قوتابخانە، دانیشتم، پەرداخ، کتێب، مێز، گۆڕەپان، ژورەوە، سفرە، ماڵ، خواردم، خەوتم، هەمو، نیوەڕوان، پەنیر، کەرە، سوپاس، ڕامانکرد، ی، ئێمە، دایک، دوای).



دوێنێ بەیانی ئێمە ......... ی ..............مان خوارد،..............بەیانییان نان و........... و.........
و...........مان دەخوارد،.......... من و............ م ڕۆیشتبن بۆ..............، ...........لە............
کورسی...............و..........ەکانم لە سەر مێزەکە.................دوای مامۆستا هاتە ............
دوای تەواوبونی وانەکە من و نمە ڕۆیشتین بۆ ....................ی قوتابخانە .................. ئێمە
بە............ ئاو دەخۆینەوە، بەیانییان ............ و ..................................مان خوارد نیوەڕۆ لەگەڵ
.........م لە قوتابخانەوە گەڕاینەوە بۆ.........ەوە، دایکم نیوەڕۆ خواردنی ..............کرد. دایکم
خواردنەکەی لەسەر.............ەکە دانا، دوای ............مان پێکەوە نانمان خوارد و.......... دایکمان
کرد.

گۆکردن

پ –پـ

( تۆپ، پیاز، پزیشک،پەنیر، پاک، پەراسو، پەت، پایز، پەروانە، پیاو، پەرژین، پەرواز، پارە
پۆست، پڕ، پاڵەوان، پەمۆ، پاشماوە، پشت، پێڵاو، پێ، پەمەیی، پەردە، پڵنگ، پەرداخ، پێش، پەڕ،
پاریس، پار، پچڕا)

چ – چـ

(چا، چیا، چرا، چۆڵ، چەرم، چەکۆ، چەم، چادر، چەکوش، چۆن، چەک، چاو، چەند، چەتر، چی، ماچ،
چوار، چیمەن، چنگ، چاکەت، پێچ، چون، کچ)

ژ

(ژوان، برژانگ، ژیر، ژن، ژوژک، ژیان، ژاڵە، دژ، پژمە، ژەهر، ژمارە، چێژ، ژور، ژەم، ژان، ژەنین،
مژدە، ڕۆژ، ژەنگ، ڕاوێژ)

گ – گـ

( گڕ، گورگ، گران، ئاگر، گیا، گەنم، مزگەوت، گوارە، گەنج، گوڵ، گریان، پڵنگ، گوند، گوریس، گاز، گەرم، گڵ، گوێ، مەرگ، گندۆرە، گەورە، زەنگ، ژەنگ، دەنگ، گۆرانی، گەشت، گەڕان، گەرمیان، گوند)

ڕاهێنانی(٣)
گوێ لەم وشانە بگرە پاشان ئەوان دەنگی(پ)یان تێدایە دەستنیشانبکە:
پەردە، بیست، چی، پایز، پرسیار، گوڵ، گەنم، پشت، مەرگ، پزیشک، سەر، تۆپ، مۆبایل، کەوچک، پەت، پسا، کەوت، قاپ، قاچ، پێڵاو.

ڕاهێنانی(٤) دەنگ
گوێ لەم وشانە بگرە پاشان ئەوان دەنگی(چ)یان تێدایە دەستنیشانبکە:
چا، قاوە، چەم، پەرچەم، مۆر، چیا، دۆڵ، کەو، کەوچک، چوار، پڵنگ، چاک، پاک، چەم، خانو، پێنج، دو، چەور، نەرم.

ڕاهێنانی(٥) دەنگ
گوێ لەم وشانە بگرە پاشان ئەوان دەنگی(ژ)یان تێدایە دەستنیشانبکە:
ژیان، ڕۆیشت، ژن، کەوت، ژور، دەست، ژوژک، بۆق، مژدە، ژاڵە، مرۆڤ، کێو، ڕۆژ.

ڕاهێنانی(٦) دەنگ
گوێ لەم وشانە بگرە پاشان ئەوان دەنگی(گ)یان تێدایە دەستنیشانبکە:
گورگ، خەوت، گەرم، قاچ، گوڵ، گیا، جۆ، گریان، کتێب، گەورە، قەڵەم، گرد، پەرداخ، گوند، گەنم، گاز.

ڕاهێنانی(٧)
ئەو وشانەی پیتی( پ، ژ، گ، چ)ی تێدایە بە هێڵێک بەیەکتربگەیەنە:
پەردە ڕۆژ

گورگ کەوچک

ژوان ژن

چوار چەم

چیا

چنگ پ

پەڕ گ

ژیان چ

ژور ژ

پەمەیی


پەمۆ

گەورە

ژمارە

یەک (١) دو(٢) سێ(٣) چوار(٤) پێنج(٥) شەش(٦) حەوت(٧) هەشت(٨) نۆ(٩) دە(١٠)

وێنەی ژمارەکان



راهێنانی (٨)

ناوی ژمارەکان بنوسە.

١٠ دە، ٧..........................، ٢................................، ٥.......................٨، ...........................، ١......................

٣ ........................٦...................................،٤..............................، ٩...................................

راهێنانی(٩)

ژمارەکان بنوسە

شەش ٦، یەک............، پێنج...............، دو..............، هەشت..................، سێ...............، حەوت...........

نۆ...............، چوار.............، دە......................

ڕێزمان

لاوی کتێبەکەی خوێندەوە. ــــــــــ لاوی + کتێبەکەی + خوێندەوە

بکەر + بەرکار + کار

دوێنێ لاوی لە قوتابخانە کتێبەکەی خوێندەوە.

دوێنێ + لاوی + لە + قوتابخانە + کتێبەکەی+ خوێندەوە

کات + بکەر + ئامراز + شوێن + بەرکار + کار

کۆکردنەوە

کتێب ـــــــــــــ کتێبەکان

قەڵەم ـــــــــــــ قەڵەمەکان

یەک کتێب ـــــــــــــ دە کتێب

راهێنانی(١٠)

ئەو وشانە ڕیکبخەوە:

١- براکەم، لە، بەجێهێشت، مێز، خواردن، هکەی، سەر، هکە.

٢- چوار، من، لە، کاغەزم،،دانا، هکە، کورسی، سەر.

٣- چا، ی، ئەو، شەکر، بە، دەخوات.

٤- نان، دایکم، ی، ئەمڕۆ، بەیانی، کرد، نە، ئامادە.

٥- ئاو، ئێوە، پەرداخ، دەخۆن، بە، هوە.

راهێنانی(١١)

ئەم ناوە تاکانە بکە بەناوی کۆ

| ژمارە | ژمارەکان |
| --- | --- |
| ڕەش | |
| دەریا | |
| گوڵ | |
| قەڵەم | |
| دار | |
| خانو | |
| کچ | |
| منداڵ | |
| کوڕ | |
| کتێب | |

ڕاهێنانی(١٢)

ژمارەکان بە نوسین لە بۆشایەکاندا بنوسە:

نمونە/ من یەک (١) قەڵەمم کڕی.

١-..........(٦) قوتابی هاتن.

٢- دوێنی شەو .........(٢) فڕۆکەم لە ئاسمان بینیی.

٣- قوتابییەکان.........(٥) کتێبیان خوێندەوە.

٤- .......... (١٠) درەختمان چاند.

٥-لاوی.......... (٣) پەرداخ ئاوی خواردەوە.

٦-............(٤) قوتابی تازە هاتنە پۆلەکەمان.

٧-...........(٨) پەپولەمان بینی.

٨-ئێوە..............(١٠) نمرەتان هێناوە.

٩-ئەوان.......... (٧)نانیان کڕی.

٥/ گوێبیگرەو بیڵێرەوە:

ئامادەکرد

دایە ئامادەکرد

دایە نانی ئامادەکرد

دایە نانی نیوەڕۆی ئامادەکرد

دوێنێ نیوەڕۆ دایە نانی نیوەڕۆی ئامادەکرد

دوێنێ نیوەڕۆ دایە لە ماڵ نانی نیوەڕۆی ئامادەکرد
ئایا دوێنی دایە لە ماڵ نانی نیوەڕۆی  ئامادەکرد؟
نەخێر، دوێنێ دایە لەماڵ نانی نیوەڕۆی ئامادەنەکرد، نانی ئێوارەی ئامادەکرد.
خواردمان
ئێمە نانمان خوارد
ئێمە و ژاڵە نانمان خوارد
ئێمە و ژاڵە نان و پەنیرمان خوارد
دوێنێ ئێمە و ژاڵە نان و پەنیرمان خوارد
دوێنێ ئێمە و ژاڵە لە باخ نان و پەنیرمان خوارد
ئایا دوێنێ ئێوەو ژاڵە لە باخ نان و کەرەتان خوارد؟
نەخێر دوێنێ ئێمە و ژاڵە لە باخ نان و کەرەمان نەخوارد، ئێمە نان و پەنیرمان خوارد.
خواردەوە
تۆ چایت خواردەوە
تۆ و بێژەن چایتان خواردەوە
تۆ و بێژەن چایتان بە شەکر خواردەوە
دوێنێ بەیانی تۆ و بێژەن چایتان بە شەکر خواردەوە
ئایا دوێنی بەیانی تۆ و بێژەن چایتان بە قەند خواردەوە؟
نەخێر دوێنی من و بێژەن چایمان بە قەند نەخواردەوە، بە شەکر خواردمانەوە.

دانا
من کتێبم دانا
من کتێبی کوردیم دانا
من و پەرێز کتێبی کوردیمان لەسەر مێزەکە دانا
من و پەرێز کتێبی کوردیمان لە کتێبخانە لەسەر مێز دانا
ئایا من و پەرێز کتێبی کوردیمان لە کتێبخانە لەسەر کورسی دانا؟
نەخێر، تۆ و پەرێز کتێبی کوردیتان لە کتێبخانە لەسەر کورسی دانەنا، لەسەر مێز داتان نا.

راهینانی(١٣)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشە گونجاو پڕبکەرەوە:

١- ئامادەکرد

دایە ...................................... ئامادەکرد.

دوێنێ ..................... دایە نانی نیوەڕۆی .........................

نەخێر، .................................................................................................. ئامادەکرد.

٢-خواردمان

.................... نانمان ................

...................... نانمان خوارد

..........................ئێمە ......................................................................... خوارد.

٣- خواردەوە

.......................... خواردەوە

تۆ و بیژەن ...........................

ئایا دوێنی ...................................................................

٤- دانا

من...................... دانا

من ................................................

ئایا ................................................................... دانا؟

دەق// نانی بەیانییان

دوێنێ بەیانی پەرواز و ئاسۆ ڕۆیشتن بۆ شاخ نان و پەنیر و چایان لەگەڵ خۆیان برد. لەوێ نانی بەیانییان خوارد، بەڵام ژاڵە و ژوان لەگەڵیان نەڕۆیشتن، ئەوان ڕۆیشتن بۆ پارک، لە پارک نانی بەیانییان خوارد، ژاڵە نان و هەنگوینی خوارد، ژوان کێک و شەربەتی خوارد. نانی بەیانییان بۆ تەندروستی لەش بەسودە.

راهێنانی (١٤)

بەپێی دەقەکە وەڵامی پرسیارەکان بدەوە:

نمونە/ ژاڵە و ژوان چون بۆ شاخ؟ نەخێر ژاڵە و ژوان نەچون بۆ شاخ چون بۆ پارک.

١- ئایا ژاڵە و ژوان نانی نیوەڕۆیان خوارد؟.......................................................................................

٢- ئایا پەرواز و ئاسۆ بۆ نانی بەیانی نان و پەنیریان خوارد؟...........................................................

٣-ئایا لەوێ چایان خواردەوە؟.........................................................................

٤-ئایا ژاڵە و ژوان چون بۆ شاخ؟.........................................................................

٥-ئایا ژوان چی خوارد؟....................................................................................

٦-ئایا ژاڵە چی خوارد؟.................................................................

ڕاهێنانی(١٥)

بەپێی دەقەکە وەڵامی ڕاست یان چەوت دابنێ:

١- ژاڵە و ژوان چون بۆ شاخ. هەڵەیە

٢- پەرواز و ئاسۆ چون بۆ پارک.

٣- ژاڵە و ژوان نانی بەیانییان خوارد.

٤- ئاسۆ نانی بەیانی نەخوارد.

٥- پەرواز چا و پەنیری خوارد.

گفتگوگۆ

(١)

گەلا: سڵاو هەرێم بەیانیت باش.

هەرێم: سلاو بەیانیت باش

گەلا: ئەم بەیانییە نانی بەیانیت خوارد؟

هەرێم: بەڵێ، ئەم بەیانییە نانی بەیانیم خوارد، تۆش نانی بەیانیت خوارد؟

گەلا: بەڵێ منیش نانی بەیانیم خوارد، بۆ نانی بەیانی چیت خوارد؟

هەرێم: چاو و نان و کەرە و هەنگوینم خوارد.

گەلا: بەلام من بۆ نانی بەیانی چاو و نان و پەنیرم خوارد، هەروەها کەرە و مرەباشم خوارد.

هەرێم: زۆر باشە، نانی بەیانی بۆ جەستە بەسودە.

(٢)

ترێ: کاژاو لە ئاهەنگەکە چات خواردەوە یان شەربەتی میوە؟

کاژاو: چای.

ترێ: بە شەکر یان بێ شەکر؟

کاژاو: بە شەکر، ئەی تۆ؟

ترێ: من شەربەتی میوەم خواردەوە لەگەڵ کێک.

(٣)

تریفە: ببورن ئێوە میوانی بەڕێز بەڕێوەبەرن؟

میوان: بەڵێ.

زۆر بەخێرهاتن ئەو لە هۆڵی میوان چاوەڕێی ئێوەیە.

میوان: زۆرسوپاس.

ڕاهێنانی (١٦)

ئەو گفتوگۆیەی خوارەوە تەواوبکە:

گەڵا: هەرێم ئایا تۆ نانت خواردوە.

هەرێم بەڵێ.....................................

گەڵا:  چیتان خواردوە؟

هەرێم: ............................................ ئەی تو نانت خواردوە؟

تریێ: کاژاو لە ئاهەنگەکە چات خواردەوە یان ............................؟

کاژاو: چای.

تریێ: ................. یان بێ شەکر؟

کاژاو: بە شەکر، ئەی تۆ؟

تریێ: من ............................................................

تریفە: ببورە ئێوە میوانی بەڕێوەبەر .........؟

میوان....................................... :

تریفە: زۆر. ..................!....................

میوان. ........................ :

ڕاهێنانی(١٧)

بەم وشانە ڕستە دروستبکە:

١-  میوە، سود.......................................     ،
٢-  پەنیر، چا. .......................................
٣-  کتێب، مێز. ..............................
٤-  شەو، خەوتن. ............................
٥-  شاخ، گەشت ..................... .

ڕاهێنانی (١٨)
لەسەر ئەم وێنەیە چەندڕستەیەک دەنوسم:
١-.......................................
٢-.....................................
٣-.....................................
٤-.................................
٥-....................................



پوختە
وشە نوێیەکان

(خوارد، ئامادەکرد، خواردەوە، ڕۆیشت، هات، بەجێهێشت، فەرم،و بەیانییان، نیوەڕوان، ئێواران، نان، پەنیر، چا، شەکر، هەنگوین، مرەبا، کێک، چێشتخانە، شەربەت، سفرە، پەرداخ، دوایی، چاوەڕوان، باشبە، سود، کاک، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ، دە، شەممە، یەکشەم، دوشەم، سێشەم، چوارشەم، پێنجشەم، هەینی)

پێداچونەوەی ڕێزمانی

لاوی کتێبەکەی خوێندەوە. ــــــــــ لاوی + کتێبەکەی + خوێندەوە

بکەر + بەرکار + کار

وانەی حەوتەم:



وشە نوێیەکان:

بینی، لەبەرکرد، بیستی، وەرز، بەهار، هاوین، پایز، زستان، سروشت، گەڵا، گوڵ، باڵندە، دەنگ، ڕەنگ، گەرم، سارد، جوان، ناشیرین، سەوز، سور، زەرد، دارستان.

بەکارهێنانی وشە نوێیەکان

بینی: ئایا لە وەرزی بەهار گوڵی جوانتان بینی؟

لەبەرکرد: ئێمە لە وەرزی زستان جلوبەرگی گەرممان لەبەرکرد.

بیست: ئایا تۆ دەنگی باڵندەت لە سروشت بیست؟

پایز: درەختەکان لە وەرزی پایزدا جلوبەرگی زەرد و سوریان لەبەرکرد.

گەڵا: ئایا تۆ ڕەنگی سەوزی گەڵاکانت لە دارستان بینی؟

سارد: ئەو لە وەرزی هاوین ئاوی ساردی خواردەوە.
ناشیرین: ئێمە جلوبەرگی ناشیرینمان لەبەرنەکرد.

راهێنانی (١)

وشەی گونجاو بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە هەڵبژێرە.

١- ئێمە لە قوتابخانە مامۆستامان ............ (بینی، بیست، لەبەرکرد، کڕی)
٢- ئێمە لە بیابان سروشتێکی.......... مان بینی. (گەڵا، سور، جوان، باراناوی)
٣- سروشت بەرگی .............ی لە بەهاردا لەبەرکرد. (هەتاو، زەرد، سەوز، سور)
٤- ئایا تۆ لە باخدا ......... سەوزی گوڵت بینی؟ (درەخت، بیابان، زەوی، گەڵا)
٥- ڕەوا جلوبەرگی سەوزی ........... (ڕۆیشت، هات، خوارد، لەبەرکرد)
٦- ئایا تۆ بۆ میوانی جلوبەرگی ...........ت لەبەرکرد؟ (گوڵ، گەڵا، ناشیرین، بەهار)
٧- ڕاز لە ژێر درەختەکە دەنگی .............ی بیست. (سور، سەوز، باڵندە، گەرم)
٨- تۆ لە ..........دا جلوبەرگی گەرمت لەبەرنەکرد. (هاوین، زستان، سارد، دەنگ)
٩- ڕاز و ڕەوا لە .......... باڵندەکانیان بینی. (جلوبەرگ، دارستان، سەوز، بیابان)

راهێنانی (٢)

ئەم وشانە لە شوێنی گونجاو دابنێ.

بینی، سارد، گەرم، چیا، بەفر، خوارد، وەرز، میوە، زەرد، گەڵا، ئەوان، چا، جوان

ڕاز و ڕەوا لە .........ی بەهاردا ڕۆیشتن بۆ باخ. ئەوان گوڵیان لەسەر چڵی درەختەکان ........ ڕاز و ڕەوا لە وەرزی هاوین بۆ ......... ڕۆیشتن. ئەوان .........یان لەسەر درەختەکان بینی. ......... لە وەرزی هاوین میوەیان .......... ئەوان ئاوی ...........یشیان خواردەوە.
ئەوان لە وەرزی پایز سروشتی ........ و ............ یان بینی. ڕاز و ڕەوا لەسەر ............ی زەردو سور ڕایانکرد. ڕاز و ڕەوا لە زستان جلوبەرگی ...........یان لەبەرکرد. ئەوان لەسەر .......... ڕایانکرد، دواتر هاتنەوەماڵەوە و ..........ی گەرمیان خواردەوە.

راهێنانی (٣)

ئەو وشانەی پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە بەهێڵێک بەیەکتریان بگەیەنە.

| | |
|---|---|
| دەریا | بەفر |
| خونچە | زەرد |

| | |
|---|---|
| ئاسمان | دەنگ |
| خۆر | گەرم |
| پۆشی | گوڵ |
| زستان | باڵندە |
| هاوین | سەوز |
| بەهار | ئاو |
| بیست | جلوبەرگ |

گۆکردن:
ئاوازی ڕستەی هەواڵی:   تۆ چوی بۆ بازاڕ.

ئاوازی ڕستەی پرسیاری: ئایا تۆ چوی بۆ بازاڕ؟

ئاوازی ڕستەی سەرسوڕمان: تۆ چویت بۆ بازاڕ!

ڕاهێنانی (٤)
ڕستەکانی خوارەوە جارێک بە شێوەی هەواڵی و جارێک بەشێوەی پرسیاری بخوێنەوە:
نمونە: ڕستەی هەواڵی: دوێنی شەو باران باری.
ڕستەی پرسیاری: دوێنی شەو باران باری؟
١- باوکم نوست.
باوکم نوست؟
٢- تۆ چویتە هەولێر.
تۆ چویتە هەولێر؟
٣- تۆ لە زستان جلوبەرگی گەرمت لەبەرکرد.
تۆ لە زستان جلوبەرگی گەرمت لەبەرکرد؟
٤- تۆ دەنگی باڵندەکانت بیست.
تۆ دەنگی باڵندەکانت بیست؟
٥- ڕەوا خونچەکانی لە باخەکە بینی.
ڕەوا خونچەکانی لە باخەکە بینی؟
٦- ئەوان ئاوی گەرمیان خواردەوە.
ئەوان ئاوی گەرمیان خواردەوە؟

٧- دوێنێ نانی نیوەڕۆت نەخوارد.
دوێنێ نانی نیوەڕۆت نەخوارد؟

ژمارەکان:
یازدە ١١
دوازدە ١٢
سێزدە ١٣
چواردە ١٤
پازدە ١٥
شازدە ١٦
حەڤدە ١٧
هەژدە ١٨
نۆزدە ١٩
بیست ٢٠

راهێنانی (٥)
ناوی ژمارەکان بەرامبەریان بنوسە.
١٤ چواردە ١٢............ ٢٠..............
١٨............ ١٩.............. ١٧......................
١٥................ ١١....................... ١٦.............
١٣............

ڕاهێنانی (٦)
ژمارەی ئەو ژمارە ڕەنوسیانە بنوسە.
نۆزدە: ١٩ شازدە........... بیست..............
هەژدە............. دوازدە ............ یازدە..................
سێزدە.............. پازدە................ چواردە................
حەڤدە................

ڕێزمان

لێکدانی دیارخەری
دیارخراو + ی + دیارخەر : کتێبی ڕەوا
کتێبی باش
ئاماژەکردن بۆ نزیک: ئەم....ە: من ئەم کتێبەم هەموی خوێندەوە.        وێنەی ئاماژەی دور و نزیک
ئاماژەکردن بۆ دور: ئەو......ە: من ئەو کتێبەم هەموی خوێندەوە.

ڕاهێنانی (٧)
دیارخەرو دیارخراو و ئامرازی دانەپاڵی ئەم دەستەواژانە دیاریبکە:
درەختی جوان   (درەخت (دیارخراو)  (ی) ئامرازی دانەپاڵ (جوان) (دیارخەر))
کتێبی مامۆستا (..................................................)
خونچەی سور (..................................................)
کورسی پەرلەمان (..................................................)
کەشتی بازرگانی (..................................................)
هاوڕێی باش (..................................................)
درەختی باخ (..................................................)
هاوینی گەرم (..................................................)
چاوی شین (..................................................)
باڵندەی بچوک (..................................................)
خۆری ئاسمان (..................................................)

ڕاهێنانی (٨)
لەم بۆشاییانەدا ئاوڵناوێکی گونجاو بنوسە.
نمونە: ئەو خواردنی <u>گەرمی</u> خوارد.
١- ئێمە بۆ مزگەوتی .......... ڕۆیشتین.
٢- ئەوان ئاوی میوەی .......... یان خواردەوە.
٣- من لەژێر هەوری ........... ڕامکرد.
٤- ئایا گوڵی ..........ت بینیوە؟
٥- ڕاز دەنگی باڵندەی ............ بیست.

ڕاهێنانی (٩)

لەم بۆشاییانەدا دیارخراوێکی ناو بنوسە.

نمونە: من چوم بۆ فەرمانگەی باوکم.

١- قوتابییەکە لەسەر کورسی ............ دانەنیشت.

٢- ئایا تۆ لەسەر قەنەفەی ............ ڕاوەستای؟

٣- ئێمە چوین بۆ کتێبخانەی ...............

٤- میوەکان لەسەر دەرختی .......... کەوتنە خوارەوە.

٥- ئەوان ڕۆیشتن بۆ ماڵی ...............

ڕاهێنانی (١٠)

(ئەم) و (ئەو) لە شوێنی گونجاو بەکاربهێنە

نمونە: من ئەو هەورەم نەبینی. (دور)

ئایا تۆ چویت بۆ ئەم قوتابخانەیە؟ (نزیک)

١- ئەوان .......... جلوبەرگەیان لەبەرکرد. (نزیک)

٢- ئێمە ........... کێکانەمان خوارد. (دور)

٣- براکەم چو بۆ .......... ژورە. (دور)

٤- ڕەوا هات بۆ ........ کتێبخانەیە. (نزیک)

٥- تۆ دەنگی ......باڵندانەت بیست. (دور)

٦- من ئاوی ....... پەرداخەم خواردەوە. (نزیک)

٧- باوکم نانی لەسەر ...... سفرەیە دانا. (نزیک)

٨- نەخۆشەکە لەسەر ....... کورسییە دانیشت. (دور)

٩- ئایا تۆ لەسەر ....... قەنەفەیە ڕاوەستای؟ (نزیک)

١٠- سێوەکەم لە ......... دارە لێکردەوە. (دور)

ڕاهێنانی (١١)

ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕێکبخەرەوە.

١- لەبەرکرد، ئەم، گەرمانەم، جلوبەرگە، زستان، من.

٢- دوێنی شەو، ئایا، تۆ، ئاوەکەت، بینی، سەرچاوەی.

٣- لە، قوتابخانە، حەوشەی، مامۆستا، دەنگی،بیست، م.

٤- ئەم، ڕاز، نانەی، لەسەر، دانا، سفرە.

٥- لە، دەنگی، بیست، ئێمە، باڵندە،مان، بیست، دارستان.

٦- گوڵی، بینی، زەرد، دوازدە، لە، باخچەی، ماڵ، ئەوان، یان.

دەق:

وەرزەکانیساڵ

من لە وەرزی بەهار ڕۆیشتم بۆ باخ. لە باخدا درەختەکان و گوڵەکان و سەرچاوەکانی ئاوم بینی. من لە دورەوە دەنگی باڵندەکانم بیست. من سروشتم لە وەرزی بەهاردا بینی. ڕەنگی سروشت لە وەرزی بەهار سەوزە. باران لە بەهاردا زۆر باری. هاوین دوای وەرزی بەهار هات. من وەرزی هاوینم سەوز و جوان بینی. من لە هاوین میوەکانم لەسەر ڕوی درەختەکان بینی. من لە هاوین میوەی زۆرم خوارد. هاوین ڕۆیشت و پایز هات. من ڕەنگی گەڵای درەختەکانم لە پایزدا بە زەرد و سور بینی. گەڵای درەختەکان لە وەرزی پایزدا لە درەختەکانەوە دەوەریێت. لە پایز باڵندەکان بۆ شوێنە گەرمەکان دەچن. من لە وەرزی پایز چوم بۆ قوتابخانە. دوای پایز زستان هات. من لە زستان جلوبەرگی گەرمم لەبەرکرد. بەفر لە زستان زۆر باری. من لە زستان گوڵ و گەڵای دەرختەکانم نەبینی. من لە زستان دەنگی باڵندەکانم نەبیست. سروشت لە زستاندا نوست. هەمو وەرزەکانی ساڵ مامۆستای ئومێد و ژیانن.

ڕاهێنانی (١٢)

بەسەرنجدان لە دەقەکە وەڵامی پرسیارەکانی خوارەوە بدەرەوە:

١- ئایا لە وەرزی بەهار بەفر زۆر باری؟

٢- ئایا من لە وەرزی بەهار ئاوی میوەی زۆرم خواردەوە؟

٣- ئایا لە دوای بەهار هاوین هات؟

٤- ئایا لەدوای هاوین زستان هات؟

٥- وەرزەکانی ساڵ مامۆستای چییە؟

٦- ئایا سروشت لە وەرزی زستاندا خەوت؟

ڕاهێنانی (١٣)

بەسەرنجدان لە دەقەکە ڕاست و هەڵەی ئەم ڕستانەی خوارەوە دیاریبکە.

١- باڵندەکان لە وەرزی پایز بۆ ناوچە ساردەکان کۆچدەکەن.

٢- ڕەنگی سروشت لە وەرزی بەهار سورە.

٣- من لە وەرزی پایز چوم بۆ قوتابخانە.

٤- من لە وەرزی بەهار غونچە، گوڵ و درەختەکانم بینی.

٥- دوای وەرزی پایز، زستانە.

ڕاهێنانی (١٤)

وێنەی باخی ڕەوا بکێشە.

دوێنی ڕەوا چوو بۆ باخەکەی. ئەو یازدە گوڵی زەردو نۆ گوڵی سوری لە باخەکە بینی. ئەو شەش درەختییشی لە نزیک گوڵەکان بینی. ڕاز هەژدە میوەی لەسەر درەختەکان بینی. بیست گەڵای سەوزی لەدرەختە سەوزەکانەوە کەوتنە سەر زەوی. ئەو دوازدە باڵندەشی لە ئاسمان بینی.

گفتوگۆ:

ڕاز: دوێنی ئێوە چویتە شاخ؟

ڕەوا: نەخێر، ئێمە چوینە باخ.

ڕاز: لە باخ چیت خوارد؟

ڕەوا: کێک، پەنیر و مورەبا. لەڕاستیدا میوەشم زۆر خوارد.

ڕاز: لە باخ چیت بینی؟

ڕەوا: من نزیکەی بیست درەختم بینی، لەگەڵ گوڵە سور و زەردو سپییەکان.

ڕاز: باڵندەشت بینی؟

ڕەوا: بەڵێ باڵندەی زۆرم بینی. دەنگە خۆشەکانیشیانم بیست.

گفتوگۆ:

ڕەوا: ئەلو فەرمو!

کاروان: ئەلو ڕەوا گیان!

ڕەوا: سلاو کاروان گیان! باشی؟

کاروان: بەڵێ، باشم. تۆ چۆنی؟

ڕەوا: سوپاس، منیش باشم.

کاروان: دوێنی تۆ بە میوانی چویت بۆ قوتابخانە؟

ڕەوا: بەڵێ چوم.

کاروان: ئایا هەمو ماموستا و قوتابیەکان هاتن؟

ڕەوا: بەڵێ، هەمویان هاتن.

کاروان: بۆ میوانداریيەکە چیت لەبەرکرد؟

ڕەوا: من جلوبەرگی گەرمم لەبەرکردبو. دوێنێ بەفری زۆر باری.

کاروان: لە میوانداریيەکە چیت خوارد؟

ڕەوا: کێک و شەربەتم خوارد. ڕاستی میوەشم خوارد.

کاروان: زۆرباشه، خواحافیز.
ڕەوا: خواحافیز! بەهیوای دیدار.

گفتوگۆ
هەڵۆ: سڵاو! ناوی تۆ چییه؟
نەبەز: سڵاو! ناوم هەڵۆیه. ناوی تۆ چییه؟
هەڵۆ: ناوی من هەڵۆیه. تۆ خەڵکی کوێی؟
نەبەز: من خەڵکی کوردستانم. تۆ خەڵکی کوێی؟
هەڵۆ: من خەڵکی ئێرانم.
نەبەز: بەدیداری ئێوه زۆر خۆشحاڵم.
هەڵۆ: سوپاس! منیش خۆشحاڵم.
ڕاهێنانی (١٥)
ئەم گفتوگۆیانەی خوارەوه تەواوبکه.
ڕەوا: دوێنی چوی بۆ کەناری دەریا؟
ڕزگار: نەخێر، ..........................................
ڕەوا: له بیابان چیت بینی؟
ڕزگار: ..............................................
ڕەوا: له بیابان ئاوت خواردەوه یان چا یان شەربەت؟
ڕزگار: ..................................................
ڕەوا: دەنگی باڵندەکانیشت بیست؟
ڕزگار: ...................................................

شنه: ئەلو! نێرگز! سڵاو!
نێرگز: ............................
شنه: باشی؟
نێرگز: ...........................
شنه: سوپاس، منیش باشم. ئایا تۆ شەش ڕۆژ پێشتر، له ئێرانەوه هاتی؟
نێرگز: بەڵێ، ...............................
شنه: ئایا چویته ئەسفەهانیش؟
نێرگز: بەڵێ.................................
شنه: ئایا دوازده ڕۆژ له ئەسفەهان مایەوه؟
نێرگز: نەخێر، .................................

شنه: ئەسفەهان چۆن شوێنێکە؟
نێرگز: .......................................
شنه: زۆرباشه، خواحافیز!
نێرگز: ................................

گەشتیاری عێراقی: ببەخشن ئێوە گەشتیاری ئەمریکین؟
گەشتیاری ئەمریکی: بەڵێ..................  ...................
گەشتیاری عێراقی: منیش گەشتیاری ئەمریکیم. ناوی تۆ چییە؟
گەشتیاری ئەمریکی: ........................ ................؟
گەشتیاری عێراقی: ناوی من.................. ئێوە خەڵکی کوێن؟
گەشتیاری ئەمریکی: ............................ ئێوە خەڵکی کوێن؟
گەشتیاری عێراقی: .................................. بەدیداری ئێوە ........................
گەشتیاری ئەمریکی...........................................

راهێنانی (١٦)

لەم وشانەی خوارەوە ڕستە دروستبکە.

١- بەهار، لەبەرکرد............................................
٢- دەنگ، هاوین..............................................
٣- نزیک، گوڵ ................................................
٤- گەڵا، باڵندە..................................................
٥- دەریا، سەوز ................................................
٦- دور، ڕەنگ ...................................................
٧- سروشت، بیست:...............................................
٨- جوان، هەژدە: ................................................

وانەی هەشتەم

**وشە نوێیەکان**

نوسی، **خوێندەوە، پێکەنی، تێگەیشت، خوێندکار، مامۆستا، کوڕ، هاوڕێ کچ، دەفتەر، پێنوس، لاستیک، جانتا، ئەرکی ماڵەوە، وانە، مەشقکردن، بەش، ڕاستی،زانکۆ، کتێب**

بەکارهێنانی وشە نوێیەکان

نوسی: شەوی ڕابردو ئاکۆ ڕاهێنانەکانی کتێبەکەی نوسی.

خوێندنەوە: هاوڕێکەم کوردی خوێندەوە.

تێگەشت: خوێندکارەکە لە زانکۆ لە ڕاستی تێگەیشت.

گوتەوە: ئەو پرۆفیسۆرە لە زانکۆ وانەی بە خوێندکاران گوتەوە.

کوڕ: کچان و کوڕان باش لەم وانەیە تێگەیشتن.

پێنوس: هاوپۆلەکەم پێنوسی دۆزییەوە.

جانتا: قەڵەم و دەفتەرەکانت خستە ناو جانتاکە؟

مەشقکردن: ئایا وەرزشوانەکان مەشقیان کرد؟

ڕاهێنان(١)

وشەی گونجاو بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە هەڵبژێرە:

١. ئایا ئەرکی ماڵەوەت.......................... (دانیشتیت، نوسی، خوێند، پێنوس)

٢ ئاسۆ .................یکی بە ڕەوا بەخشی (کتێب، ڕاستی، زانست، سەوز)

٣. قوتابیان لە وانەکە ..................... (بینی، چێشت لێنان، دانا، تێگەیشتن)

٤................................جلی سەوزی لەبەر کرد. (قەڵەم، کچەکە، قوتابخانە، جانتا)

٥. ئایاڵە ........... دا ڕاهێنانی کتێبەکەت نوسیوە؟ ( لاستیک، جانتا، پێنوس، تیانوس)

٦. دوێنێ لە باخچە کتێبمان.................... (خوێندەوە، جانتا، خەوتبوین، خوارد)

٧......................... لە گەشتەکەیاندا گوڵی زەرد و سوریان بینی.( مامۆستا، کچەکان، لاستیک، وانە)

ڕاهێنانی(٢)

وشەکان لە شوێنی گونجاو دابنێ

تێدەگەیشتن، قوتابخانە، دەنوسی، شیکار، ڕێزمانییان، ئامادەکرد، پێنوس

ئەم بەیانییە نالی و ئومێد چون بۆ................ لە کتێبخانەی قوتابخانە نالی بە ............. وانەکانی کوردی ................، بەڵام ئومێد ڕاهێنانەکانی کوردی ................ دەکرد. پاشان بابەتەکانی خوێندەوە، بەڵام لەم بەشە بەباشی............... ئەوان بە باشی خۆیان ............... بۆ وانەی کوردی.

**گۆکردن**

گوێی لێبگرەو بیڵێرەوە

ناو + ی + ناو یان ئاوەڵناو

درەخت + ی + جوان = درەختی جوانی

شاخ + ی + بەرز = شاخی بەرز

گۆکردن

کتێبەکەم ← کتێب + ەکە + م

| | |
|---|---|
| **کتێبەکەم** | **کتێبەکەمان** |
| **کتێبەکەت** | **کتێبەکەتان** |
| **کتێبەکەی** | **کتێبەکەیان** |

گۆکردن

گوێی لێبگرەو بیڵێرەوە

| | |
|---|---|
| خانووەکەم | خانووەکەمان |
| خانووەکەت | خانووەکەتان |
| خانووەکەی | خانووەکەیان |

| | |
|---|---|
| کەشتیەکەم | کەشتیەکەمان |
| کەشتیەکەت | کەشتیەکەتان |
| کەشتیەکەی | کەشتیەکەیان |

ڕهێنان(٣)

ئاوڵناوی جوان بۆ وشەکانی خوارەوە زیاد بکە:

گوڵ..ی جوان....

| | | |
|---|---|---|
| خانو ........... | چێتشخانە......... | ڕۆڵە............ |
| میوان.......... | چاو............. | ڕەنگ........ |
| پیاڵە............. | مزگەوت......... | جیهان............ |
| بیابان........... | فەرمانگە........... | قەڵەم.............. |
| میوە...... | دارستان......... | ئەستێرە.......... |

ڕهێنان(٤)

ئەو وشانەی کە هەڵە نوسراون دیاری بکە و راستیان بکەوە:

| | | |
|---|---|---|
| پیشەکەم......پیشەکەم | مزگەوتەکەمان........... | تەختەکت.......... |
| خانوکەم.............. | باران............ | سبەینێ کە........ |
| خواردنەکەم.......... | ئەمڕۆکان....... | دوێنێ.......... |
| کتێبەکات............ | چاوکانم........ | دەستکەم......... |
| خویندکارەکات......... | خوێندکارەت............ | قەڵەمەکەت........ |

ژماردن

دەیان جگە لە (دە)

دەیان: بیست، سی، چل، پەنجا....
یەکان:یەک، دو، سێ، چوار،پێنچ، شەش، حەوت، هەشت، نۆ
بیست و یەک (٢١) بیست و دوو (٢٢) بیست و سێ (٢٣)، بیست و چوار (٢٤)، بیست و پێنج (٢٥)
بیست و شەش (٢٦) بیست و حەوت (٢٧)،بیست و هەشت (٢٨)، بیست و نۆ(29)
سی (٣٠)، سی و یەک (٣١)، سی و دوو (٣٢)، سی و هەشت
(٣٨)، سی و نۆ (٣٩)، چل (٤٠)، چل و یەک (٤١)، چل و دو
(42)، چل و هەشت (٤٨)، چل و نۆ (٤٩)، پەنجا (٥٠)، پەنجا
وە یەک (٥١)، پەنجا و دو (٥٢)، پەنجا و هەشت (٥٨)، پەنجا و نۆ(٥٩)

ڕاهێنان(٥)
ڕەنوسی ئەم ژمارانەی خوارەوە بنوسە:

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠................ | ٢٥............. | ٢٩................ |
| ٣٠................ | ٣٩............. | ٣٣................ |
| ٣٧................ | ٤٠............. | ٤١................ |
| ٤٤................ | ٤٢............. | ٥٠................ |
| ٥٢................ | ٥٤............. | ٥٨.............. |

ڕاهێنان(٦)
ژمارەی ئەم ڕەنوسانەی خوارەوە بنوسە:

| | |
|---|---|
| چلو حەوت.........٤٧...... | بیستونۆ............................. |
| پەنجا................... | چل............................... |
| سی و چوار................، | بیست و یەک....................... |
| چلو پێنج .................، | پەنجاو شەش......................... |
| سی ودو.....................، | چل و دو............................ |


سی وسێ..........
بیستو حەوت.............
پەنجاو هەشت..........
سی...............
بیست................

کاتژمێرەکانی شەو ڕۆژ:

کاتژمێر٤ ی بەیانی
کاتژمێر٦ ی بەیانی
کاژێر٧ ی بەیانی

کاتژمێر٧ و ٥ خولەکی بەیانی
کاژێر ٨ و١٠ خولەکی بەیانی
کاژێر٨ و ١٢ خولەک و ١٠ چرکە ی بەیانی

ڕاهێنان(٧)
بەسەیرکردنی وێنەکانی خوارەوە کاتەکانییان بنوسە:





ڕاهێنانی (٨)
وێنەی کاتژمێرەکان لەگەڵ کاتی گونجاو بگەیەنە بەیەکتر:

کاتژمێر٢ و چارەک
کاتژمێر ٥ بۆ ٤

کاتژمێر٢٥ بۆ یانزە
کاتژمێر ١٩ و ٥ خولەک

کاتژمێر ٩و نیو
کاتژمێر ١٨ و ٢٠خولەک

ڕێزمان

ناو + ی + جێناوی کەسی سەربەخۆ
ناو + جێناوی کەسی لکاو

کتێب کتێبی من کتێبم

| | | | |
|---|---|---|---|
| کتێبی من | کتێبم | کتێبی ئێمە | کتێبمان |
| کتێبی تۆ | کتێبت | کتێبی ئێوە | کتێبتان |
| کتێبی ئەو | کتێبی | کتێبی ئەوان | کتێبیان |

جێناو سەربەخۆ

| | | | |
|---|---|---|---|
| کەسی یەکەمی تاک | من | کەسی یەکەمی کۆ | ئێمە |
| کەسی دووەمی تاک | تۆ | کەسی دوەمی کۆ | ئێوە |
| کەسی سێیەمی تاک | ئەو | کەسی سێیەمی کۆ | ئەوان |

جێناو لکاو

| | | | |
|---|---|---|---|
| کەسی یەکەمی تاک | م | کەسی یەکەمی کۆ | مان |
| کەسی دووەمی لکاو | ت | کەسی دووەمی کۆ | تان |
| کەسی سێیەمی تاک | ی | کەسی سێیەمی کۆ | یان |

هەڵە    من کتێبەکە من خوێندەوە
ڕاست    من کتێبەکەم خوێندەوە

ڕاهێنان (٩)
جێناوە سەربەخۆکان بە جێناوە لکاوەکان بگۆڕە:

| | |
|---|---|
| کتێبەکەی ئەو .... کتێبەکەی.... | بەڕێوەبەری تۆ........................ |
| تەندروستی تۆ.................... | نەخۆشخانەکەی ئێوە ...................... |
| نێرگزەکەی ئێمە................... | دەنگی ئێمە........................... |
| هاوڕێکەی من.................. | نانەکەی من........... |
| ماڵی ئێمە....................... | قەڵەمەکەی ئەو .............. |

ڕاهێنانی (١٠)
جێناوی گونجاو لە بۆشاییەکان دابنێ.
نموونە: جلوبەرگ.....مان... لەبەر دەکرد.

١. ئەوان کتێب........خوێندەوە.

٢. تۆشێو................کرد.
٣. ئێوە شەربەت.......خوارد.
٤. ئەولەسەر کورسیەکە......دانیشت.
٥. تۆ ڕاهێنانەکان.........لەسەرتیانوسەکە........نوسیەوە.
٦.ئەو دەنگی باڵندە......لە باخچەکە .....بیست.

ڕاهێنانی (١١)

ڕستەکانی خوارەوە ڕێکبخەوە:

١. لە، ئێمە، کتێبی، زانکۆ، دەخوێنین، کوردی
٢. خوێندنگا، ڕاهێنانەکان، لە، ڕاز، ی، نوسیەوە
٣. کتێبتان، دەفتەر،و، ئایا، بەکار، ئێوە، هێنا؟
٤. هاوڕێکەم، پێی وتم، وانە، ی، دوێنی
٥. ژیار، درەخت، لەگەڵ، ژێر، حەوت،ی، ناشت

**دەق:**

زمانی کوردی

دوێنێ مامۆستای میهرەبانی کوردی هاتە پۆلەکەمان. کتێبێکی زمانی کوردی لە دەستدابو، مامۆستاکەمان بۆ ماوەی کاتژمێرێک فێری زمانی کوردی کردین. هەروەها کتێبی کوردی بۆ ئێمە خوێندەوە و ئێمەش لە دوای ئەو کتێبی کوردیمان خوێندەوە. ئێمە بە باشی گوێمان لە قسەکانی مامۆستاکەمان گرت و لە هەمو قسەکانی تێگەیشتین، مامۆستا ڕاهینانی پێداین. پاشان من و خوێندکارانی پۆلەکەمان بە کوردی شیعرمان خوێندەوە؛ دوای وانەکان چومەوە ماڵەوە. سەرەتا نانی نیوەڕۆم خوارد؛ پاشان کاتژمێر و نیوێک خەوتم، دوای خەوتن ڕاهێنانە کوردییەکانم نوسی و کتێبی کوردیم خوێندەوە. من زۆر باش لە وانەکانی کتێبی کوردی تێگەیشتم.

**ڕاهێنان (١٢)**

**به پێی دەقەکە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە.**

١. ئایا مامۆستا بۆ ماوەی چەند فێری زمانی کوردی کردین؟
٢. ئایا مامۆستا کتێبی چی بۆ خوێندوینەوە؟
٣.ئایا ئێمە لە هەموو قسەکانی مامۆستاکەمان تێگەیشتین؟
٤.دوای وانەکان چیمان خوێندەوە؟
٥. ئایا پێش خەوتن ڕاهێنانە کوردی نوسییەوە؟

**ڕاهێنان (١٣)**

**ڕستەی دروست و نادروست بەپێی دەقەکە دیاربکە:**

١.مامۆستایەک دەفتەرێکی کوردی لەلابو.
٢. قوتابی بە زمانی کوردی شیعریان خوێندەوە.
٣. پێش مامۆستا کتێبی کوردیمان خوێندەوە.
٤.کاتژمێرێک و ٣٠ خولەک خەوتم.
٥. دوای وانەکان چومە کتێبخانە.

گفتوگۆ

نێرگز: ڕاز دوێنێ کتێبی کوردی پێداویت؟
ڕۆژگار بەڵێ؛ کتێبەکەتی پێدام.
نێرگز، وەڵامی ڕاهێنانەکانت لە کتێبەکەمەوە نوسیوە؟
ڕۆژگار: نەخێر؛ تەنها مانای وشەکانم لە کتێبەکەتەوە نوسیوە.
نێرگز: لە مانای وشە نوێیەکان تێگەیشتوی؟
ڕۆژگار: بەڵێ؛ من لە مانای هەمو وشەکان تێگەیشتم، سەرەتا مانای وشەکانم لە دەفتەرەکەمدا نوسی و دواتر سێ جار خوێندمەوە.

گفتوگۆ
ئومێد: ڕەوا، دوێنێ شەوڕاهێنانەکانی کوردیت نوسی؟
ڕەوا: بەڵێ من نوسیومە.
ئومێد: لە پرسیارەکانی بەشی دەق تێگەیشتوی؟ لە هەندێک پرسیار تێنەگەیشتم.
ڕەوا: بەڵێ؛ وەڵامی هەمو پرسیارەکانم نوسی و هەمو پرسیارەکان باش تێگەیشتم
ئومێد: چۆن لە مانای پرسیارەکان تێگەیشتی؟
ڕەوا: من سەرەتا لە مانای وشەکان تێگەیشتم؛ پاشان پرسیارەکانم خوێندەوە.

گفتوگۆ
ڕۆژگار: سڵاو، من خوێندکاری ئەم پۆلەم، تۆش خوێندکاری ئەم پۆلەیت؟
نێرگز: سڵاو بەڵێ؛ منیش خوێندکاری ئەم پۆلەم.
ڕۆژگار: ئایا ئەو خانمەش خوێندکاری ئەم پۆلەیە؟
نێرگز:، بەڵێ؛ هاوڕێی منە و خوێندکاری ئەم پۆلەیە.
ڕۆژگار: ناوی چیە؟
نێرگز: ناوی چیمەنە.
ڕۆژگار: ئەو کچانە هاوڕێی تۆن؟
نێرگز: بەڵێ؛ هەمویان هاوڕێیساڵی ڕابردومن.
ڕۆژگار: زۆر دڵخۆشم بە ناسینی تۆ.
نێرگز: منیش هەر وەها.

**ڕاهێنانی(١٤)**
گفتوگۆکانی خوارەوە تەواو بکە.

ئاکۆ: هیوا، ئایا دوێنێ پرۆفیسۆر هاتە زانکۆ؟
هیوا: بەڵێ؛ .........................................
ئاکۆ: مامۆستا وانەی نوێی کوردی وتەوە؟
هیوا:بەڵێ؛..........................................
ئاکۆ: هەموو ڕاهێنانەکانت نوسیوە؟
هیوا: .........................................

ئاكۆ: تۆ بە تەواوی لە قسەکانی مامۆستا تێگەیشتوی؟
هیوا: ..................................................

ڕۆژان: کاڵێ! وانەی کوردیت خوێندۆتەوە؟
کاڵێ: بەڵێ؛ .......................................
ڕۆژان: کاڵێ! لە دەقەکە تێگەیشتوی؟
کاڵێ: بەڵێ؛ .....................................................
ڕۆژان: چۆن لە بەشی دەق تێگەیشتوی؟
کاڵێ: بەڵێ؛ ................................
ڕۆژان: چۆن مانای وشەکانت خوێندەوە؟
کاڵێ:..................................................

بارزان: مەتین! دوێنێ چوویتە زانکۆ؟
مەتین: بەڵێ؛ ........................................
بارزان: ئایا مامۆستای زمانی کوردی هاتە پۆل؟
مەتین: بەڵێ؛............................
بارزان: مامۆستا چی فێرکردی؟
مەتین:.............................................
بارزان: لە هەموو وانەکانی کوردی تێگەیشتوی؟
مەتین: نا؛ ..................................................

**ڕاهێنان(١٥)**
گفتوگۆکانی خوارەوە تەواو بکە.
کاوە: ببورە؛ تۆ مامۆستای لەم قوتابخانەیە؟
میران: بەڵێ؛.......................................
کاوە: ناوی بەڕێزت؟
میران: من میرانم مامۆستای نوێی قوتابخانەکەتانم، خۆشحاڵم بە ناسینتان.

کاوە: زۆرسوپاس؛ هەروەها منیش خۆشحاڵم بە ناسینی تۆ کاک میران.

میران: مامۆستای چ بابەتێکیت؟

کاوە:......................

میران: منیش مامۆستای زمانی کوردیم.

**ڕاهێنانی (١٦)**

**ڕستە بۆم وشانەی خوارەوە بنوسە.**

نموونە: قەڵەم، جانتا..... قەڵەمەکەت خستە ناو جانتاکەتەوە؟

١.ڕاستی، کتێبەکە.........................................................

٢. سێ، ڕاهێنان...........................................................

٣. پاکی بکەوە، هاوڕێ....................................................

٤. مانا، نوسی.............................................

٥. پرسیار، کوڕ.............................................

٦. بەشی، دەق..............................................

٧. پینوس، نوێ.............................................

## وانەی نۆیەم



وشە نوێیەکان

وتی، هێنای، کردیی، خودا، باوک، مندالْ، هاوسەر، خێزان، سەردان، وەرزش، گەشت، فڕۆکە، پاس، سەیارە (ئۆتۆمبیل)، خاتون، هەفتە، مانگ، سالْ، پار، پیش، باخچە، کەناردەریا، کیشوەر، شار

بەکارهێنانی وشە نوێیەکان

وت/ من هەفتەی پێشو ڕاستیەکەم بە هاوڕیکەم وت.

هێنا/ بوکەکە یەک کاتژمێر پێشتر مندالْکەی بە ئوتومبیلەکەی هێنا.

کرد/ ئایا کاک هیوا دوێنێ لە باخچەکە وەرزشی کرد؟

ئێستا/ خاتو چیا سێ مانگ پێش ئێستا سەردانی دەرەوەی ولاْتی کرد.

هات/ ئایا هاوسەرەکەیی تۆ لە بازاڕ تا مالْ بو ئوتومبیل هات؟

فڕۆکە/ من و خانەوادەکەم پار بە فڕۆکە گەشتێکی شاری ئامادیان کرد.

پێش/ ئایا تۆ مانگی پێشو گەشتی کەنار دەریات کرد؟

پاس/ ژالە بە پاس لە زانکۆ بۆ مالْ گەڕایەوە.

راهێنانی (١)

وشەی گونجاو بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە هەڵبژێرە

١-خودا ئێمەی بەم جیهانە..................... (دا، هێنا، گوت، نوسی)

٢-ئایا تۆ بە ......... لە دەریا وە تا نەخۆشخانە ڕاتکرد؟ (باخچە، هاوسەر، وەرزش، کاتژمێر)

٣-ئەمڕۆ بەیانی باوکم لەشاخ .......... ی کرد. (باخچە، هاوسەر، وەرزش، کاتژمێر)

٤-من تا ........ یازدەی نیوەڕۆ لە کتێبخانە وانەم خوێند. (ساڵ، هەفتە، کاتژمێر، پێنوس)

٥-هاوڕێکەم بە........... لەگەڵ دایکی هات بۆ زانکۆ. (ئوتومبیل، وڵات، گەشت، شەمەندەفەر)

٦-....... ئێمەبە کەشتی گەشتمان کرد. (ساڵ، پێش، پار، وڵات)

٧- ئازاد بۆ پازدە ................. گەشتی کردووە . ( وەرزش، باوک، منداڵ، وڵات)

٨-هەفتەیەک پێش هاو پۆلەکەم کتێبی کوردیم .............. (گوت، هێنا، کرد، نوسی)

٩-هاوسەری خوشکەکەم بە....... بۆ شاری سلێمانی گەشتی کرد. (فرۆکە، خوارد، باخچە، وڵات)

١٠-خاتو تریفە و کوڕەکەی لە ژێر دارەکان ......... یان کرد . (شار، خواردن، سەیران، گەشت)

راهێنانی (٢)

وشەکان لە شوینی گونجاو دابنێ:

کتێبخانە، هاوسەر، یادگاریەکان، شار، پارساڵ، ماڵبات، منداڵ ، تێگەشتم، سەردان

........................ کاک هەڵۆ لەگەڵ .............. و .......... بۆ کتێبخانە ڕۆشتن. ئەوان .......... بەشی کتێبی ئەدەبیان کرد. ئەو دو .................. لە کتێبخانە مانەوە. پاشان............ ڕزگار کارمەندی کتێیبخانە سەردانی ئەوانی کردەوە. ئەوان یادگاری ئەو ڕۆژەیان بۆ ماڵبات دۆستەکانیان بۆ ............ کاک هەڵۆ .............. ی ............... ی لە پەڕاوێکدا نوسی. ئەو وتی: من حەقیقەتم لە...................... بینی و .................... .

دەربڕین پاڵپشتی ڕستە

ئایا دوێنێ خالد لەگەڵ ڕێبین چوە بۆ قوتابخانە؟

دوێنێ

نەخێر دوێنێ شەو ڕێبین لەگەڵ سۆران ڕۆشت بۆ قوتابخانە.

دوێنێ شەو

ئایا دوێنێ سەرکەوت لەگەڵ سان ڕۆشت بۆ قوتابخانە؟
سەرکەوت
نەخێر دوێنێ کەنار لەگەڵ سەرکەوت ڕۆشت بۆ قوتابخانە.
کەنار
ئایا دوێنێ هاوکار لەگەڵ هاوار ڕۆشت بۆ قوتابخانە؟
هاوار
نەخێر، دوێنێ هاوکار لەگەڵ هەڵگورد ڕۆشت بۆ قوتابخانە
هەڵگورد
ئایا دوێنێ هاوکار لەگەڵ ڕێبوار بۆ کتێبخانە ڕۆشتن ؟
کتێبخانە
نەخێر، دوێنێ هاوکار لەگەڵ ڕێبوار بۆ کتێبخانە ڕۆشتن.
قوتابخانە

**ڕاهێنانی (٣)**

ڕستەکانی خوارەوە بخوێنەوە بە ڕچاوکردنی وشەی پاڵپشت:

١-ئایا شانیا کراسە سەوزەکەی لەبەر کرد ؟ نەخێر ئەو کراسە سورەکەی لەبەر کرد.
٢-ئایا کاک وشیار هات بۆ ماڵی ئێمە ؟ نەخێر کاک ژیوار هات بۆ ماڵی ئێمە.
٣-ئایا دوێنێ شەو باران باری؟ نەخێر دوێنێ بەفر باری.
٤-ئایا ئەمڕۆ پەریا هات بۆ زانکۆ ؟ نەخێر دوێنێ پەریا هات بۆ زانکۆ.
٥-ئایا لە سلێمانیەوە بە پاس هاتی؟ نەخێر بەفڕۆکە لە سلێمانیەوە هاتم.
٦-ئایا تۆ چا بە شەکرەوە دەخۆیتەوە ؟ نەخێر من چاکەم بە بێ شەکر خواردەوە.
٧-ئایا خاتو مینا ڕۆشت بۆ دهۆک ؟ نەخێر خاتو مینا ڕۆشت بۆ کەرکوک.
٨-ئایا تۆ ئەم خواردنەت دروستکردوە؟ نەخێر ئێمە ئەم خواردنەمان دروست نەکردوە.

ژمارەکان

دە، بیست، سی، چل، پەنجا، شەست، حەفتا، هەشتا، نەوەد

شەست ٦٠، شەست و یەک ٦١، شەست و دو٦٢، شەست و سێ٦٣، شەست و چوار٦٤، شەست و پێنج ٦٥، شەست و شەش ٦٦، شەست و ٦٧حەوت، شەست و هەشت ٦٨، شەست و نۆ ٦٩، حەفتا ٧٠، حەفتا و یەک ٧١، حەفتاو و دو٧٢، حەفتاو سێ ٧٣، حەفتاو چوار ٧٤، حەفتاو پێنج ٧٥، حەفتاو شەش ٧٦، حەفتاو حەوت ٧٧، حەفتاو هەشت ٧٨، حەفتاو نۆ ٧٩، هەشتا ٨٠، هەشتاو یەک ٨١،

هەشتاو دو ٨٢، هەشتاو سێ ٨٣، هەشتاو چوار ٨٤، هەشتاو پێنج ٨٥، هەشتاو شەش ٨٦، هەشتاو حەوت ٨٧، هەشتاوهەشت٨٨، هەشتاو نۆ٨٩، نەوەد ٩٠، نەوەد ویەک ٩١، نەوەد ودو ٩٢، نەوەد و سێ ٩٣، نەوەد و چوار ٩٤، نەوەد و پێنج ٩٥، نەوەد و شەش ٩٦، نەوەد و حەوت ٩٧، نەوەود و هەشت ٩٨، نەوەد ونۆ ٩٩، سەد ١٠٠.

## ڕاهێنانی (٤)

ناوی ژمارەکان بنوسە

٦٠.......................  ٦٤...........................

٦٨.......................  ٧٢........................................

٧٠.....................................  ٧٧......................................

٧٥.....................................  ٨١.....................................

٨٢.......................................  ٨٣.....................................

٨٩........................................  ٩٠.....................................

٩٦.......................................  ٩٤.....................................

١٠٠.................................... .

## ڕاهێنانی (٥)

بە ژمارە بۆشایەکان پڕ بکەرەوە

شەست و نۆ .................. حەفتا............... نەوەد ویەک.................... هەشتاو چوار ..........................

حەفتاو یەک ............... شەست و دو .................. شەست..................... شەست و پێنج..........

هەشتاو شەش .................. حەفتاو دو ............... هەشتاو هەشت..................... نەوەد....................

## ڕۆژەکانی هەفتە

شەمە ڕۆژی یەکەم

یەکشەمە ڕۆژی دووەم

دوشەمە ڕۆژی سێیەم

سێشەمە ڕۆژی چوارەم

چوارشەمە ڕۆژی پێنجەم

پێنجشەمە      ڕۆژی شەشەم
هەینی        ڕۆژی حەوتەم

### ڕاهێنان (٦)

لەبەر ڕۆشنایی دەقەکە ڕستەی دروست و نادروست دیاری بکە.

مینا ڕۆژانی شەممە کتێبی کوردی دەخوێندەوە. ئەو یەکشەممان لە پارک یاری دەکرد. پەریا دوشەممە دەچوە شاخەوانی و سێشەمەمان بۆ کتێبخانە دەڕۆشتن. مینا چوارشەممان چێشتی لێدەنا و پێنج شەممانیش بۆ بازاڕ دەچو. ڕۆژانی هەینیش لە باخ کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد.

١- مینا چوارشەممان لە چێشتخانە خواردنی دەخوارد.
٢- مینا پێنج شەممان دەڕۆشت بۆ بازاڕ.
٣- مینا یەکشەممان وەرزشی دەکرد.
٤- مینا ڕۆژانی هەینی کتێبی کزردی دەخوێندەوە.
٥- مینا ڕۆژانی دوشەممە دەچوە کتێبخانە.
٦- مینا سێشەممان لە باخ کاتی بەسەر دەبرد.
٧- مینا ڕۆژانی  شەممە دەچوە شاخەوانی.

### ڕێزمان

یاسای ڕابردوی سادە . ڕابردوی بەردەوام
چاوگ : هاتن ، ڕۆشتن، گوتن ، خواردنەوە
چاوگ - ن یەکسانە بە ڕابردو
ڕۆیستن – ن  =  ڕۆیشت (ڕابردوی نزیک)
دە + ڕابردوی نزیک = ڕابردوی بەردەوام
دە  + ڕۆیشت  =  دەڕۆیشت
نە + ڕابردوی بەردەوام = ڕابردوی بەردەوامی نەرێ
نە  + دەڕۆیشت  = نەدەڕۆیشت

### ڕاهێنانی (٧)

ڕابردوی ئەم چاوگانە بنوسە:

هێنان ............... نوسین ................ پۆشین ............ خواردن ....................... بارین ................
وەستان .................... مانەوە.................... هاتن ........................ کردن.....................
تێگەیشتن................ بینین ............ خواردنەوە................. خەوتن ........................ دانیشتن
................. گوتن ............... خوێندن............................ دانان ............................ کەوتن
...................... ڕاکردن............... ڕۆشتن ............... بیستن........

**ڕاهێنانی (٨)**

چاوگی ئەم کارانەی خوارەوە بنوسە:

هاتین............. باری ............ دروستمکرد ............ بیستم ............. خوێندم .................. کەوتم
................. دانیشتم.........نەمایەوە ..........نەڕۆشتم............ نەمکرد............ گوتم ............
خەوتم......... نەمهێنا ...................

**ڕاهێنانی (٩)**

ڕستەکانی خوارەوە بە ڕابردوی بەردەوام بگۆڕە:

نمونە: ئیوە لە پارک وەرزشتان کرد............ئێوە لە پارک وەرزشتان دەکرد.

١-مامۆستا بە کتێبی کوردیەوە هاتە پۆلەوە.

٢- کچانی شاری ئێمە بەیانیان کەرەو هەنگوینیان خوارد.

٣- ڕێبوار کتێبی ڕاهێنانەکەی لەماڵەوە نەهێنا.

٤-من خواردنەکەم لە فڕۆکەدا خوارد.

٥-ئایا پارساڵ تۆ جلی زەدت لە زستان دەپۆشی؟

٦-کوڕەکانی قوتابخانەی ئێمە لەسەر فەرش خەوتن.

٧- ئێمە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە باخی هاوڕێکیمان سەیرانمان کرد.

٨- سەرکەوت وەڵامی ڕاهێنانەکانی بە هاوپۆلەکانی نەگوت.

**ڕاهێنانی (١٠)**

**ئەو ڕستانەی خوارەوە بە ڕابردوی سادە بگۆڕە:**

باوکم لە فەرمانگەوە بۆ ماڵ دەهاتەوە.........باوکم لە فەرمانگەوە بۆ ماڵ هاتەوە.

١- باوکم ودایکم گەشتی هەولێریان دەکرد.

٢- ئایا تۆ لە ژوری میوانەوە تا حەوشەی خانوەکە ڕاتدەکرد.

٣- هەمو میوەی دارەکان دەکەوتن.

٤- کچەکان لەسەر کورسیەکان دانەدەنیشتن.
٥- ترێ و کازیوە کتێبی کزردیان لە پارک دەخوێندەوە.
٦- منداڵەکان جانتاکانیان بۆ پۆل نەدەبرد.
٧- ئێمەی لە حەوشەی باخەکەمان یەک کاتژمێر وەرزشمان دەکرد.
٨- مامۆستا ناوی قوتابیەکانی لە پەراوەکەیدا نەدەنوسی.

راهێنانی(١١)

ڕستەکانی خوارەوە نەرێی بکە:

نمونە : بەفرو باران لە شاری ئێمە دەبارێ ـــــــــ بەفر و باران لە شاری ئێمە نەدەبارێ.

١- براکەم هاوینان دەچوە زانکۆ.
٢- هاوڕیکانم چوار کاتژمێر لە نەخۆشخانە دەمانەوە.
٣- ئێمە خونچەی سورمان لە گوڵستان دەبینی.
٤- قوتابییەکان لە واتای دەقەکە تێدەگەشتن.
٥- ئێوە بۆ تەندروستی بۆ جەستەتان نانی ئێوارەتان دەخوارد.
٦- هاوپۆلەکانم نانی ئێوارەیان لە خواردنگە دەخوارد.
٧- خاتو تریفە بە فڕۆکە گەشتی دەکرد.
٨- من پاش ڕاکردن ئاوی میوەم دەخوارد.

**راهێنانی (١٢)**

**ڕستەکان ڕێکدەخەم:**

١- چارەکێک . وەرزش، مینا، پارک، یەک، دەکرد، شارەکەی، کاتژمێر، بەیانیان، لە
٢- شازاد، کڕیی، بازاڕ، سێوی، لە،یەک، بۆ، کیلۆ
٣- بە، زۆر، سودە، هەنگوین، بۆ، جەستە.
٤- یەک، باران، ژێر، قوتابییەکان، پێش، لە، هاتن، زانکۆ، بۆ، مانگ.
٥- تا، ڕامانکرد، لە، من، پارک، باوکم، و،ماڵا.

**دەق گەشتێک بۆ کوردستان**

شەش مانگە پێش خاتو چنار لە ٤ ی مانگی گوڵان گەشتی کرد بۆشاری کەرکوک سەرەتا چونە سەردانی قەڵات. ئەوان چوار ڕۆژ لە ناو شاری کەرکوک دەگەڕان؛ پاشان بە پاس چو بۆسەردانی هەولێر ماوەی یەک هەفتە مانەوە شوێنەی گەشیارەکانیان بەسەر کردەوە خاتو

مینا و هاوسەرەکەی لە هەولێرەوە چونە  سلێمانی ماوەی چەند ڕۆژێک لەوێ مانەوە، پاشان بە ئوتومبیل چونە هەڵەبجە سەردانی ناوچەی هەورامانانیان کرد، هەڵەبجە بە هەنار و گوێز بە ناوبانگە، ئەوان هەمو شارەکانیان زۆر بە لاوە خۆش بو. دوای گەشتێکی چەند ڕۆژی گەڕانەوە شاری خۆیان  لەگەل خۆیان دیاریان بردەوە بۆ منالەکانیان.

راهێنانی (١٣)

بە پشت بەستن بە دەقی سەرەوە وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە.

١- ئایا پارساڵ خاتو مینا و هاوسەرەکەی سەردانی کوردستانیان کرد؟

٢- ئایا ئەوان چەند ڕۆژ لە  هەولێر مانەوە؟

٣- ئایا ئەوان لە پاش سلێمانی  چون بۆ کوێ؟

٤- بەچی ڕۆشتن بۆ هەولێر؟

٥- خاتومینا و هاوسەرکەی گەشتەکەیان بە لاوە چۆن بو؟

راهێانی (١٤)

لەبەر ڕۆشنایی دەقەکە نیشانەی ڕاست یان هەڵە  دابنێ:

١- خاتو مینا و هاوسەرەکەی  چونە بازاڕ لە کەرکوک.

٢- ئەوان لە کەرکوک هەشت ڕۆژ مانەوە.

٣- ئەوان بە پاس لە کەرکوک چونە هەولێر.

گفتوگۆ

(١)

مینا : سڵاو پەریا تۆ باشیت؟

پەریا: سوپاس باشم. تۆ چۆنی

مینا : منیش باشم، سوپاسگوزارم، ئایا باوکت لەسەفر گەڕایەوە؟

پەریا: بەڵێ، دوێنێ شەو لە کوردستان گەڕایەوە.

مینا : باوکت بەچی چو بۆ کوردستان؟

پەریا : باوکم بە فڕۆکە چوە کوردستان

مینا : ئایا باوکت یەک هەفتە لە لەوێ مایەوە؟

پەریا: نەخێر، ئەو دە ڕۆژ لەوێ مایەوە.

مینا : باوکت سەردانی شاری هەڵەبجەی کرد؟
پەریا : بەڵێ، ئەو سەردانی شارەکانی کەرکوک. دهۆک. سلێمانی کرد.
مینا : ئایا باوکت لە   کوردستان دیاری بۆ هێنای؟
پەریا : بەڵێ، باوکم جلوبەرگی جوانی بۆ هێنام لە کوردستان.
مینا : پیرۆزە.
پەریا : سوپاسگوزارم
مینا : زۆر باشە پەریا گیان؛ کارێکت بە من هەیە؟
ثەریا: نەخیر، زۆر سوپاس
مینا : خوات لەگەڵ
پەریا: خوات لەگەڵ

(٢)
لاوی: ڤارین تۆ ڕۆشتی بۆ هەڵەبجە.
ڤارین: ئەرێ: پارساڵ چوم بۆ هەڵەبجە،
لاوی: هەڵەبجە چۆن شارێک بو؟
ڤارین:هەڵەبجە شارێکی جوان و دڵگیرە.
محمد: ئەی خەڵکی هەڵەبجە چۆن کەسانێکن؟
ڤارین: خەڵکی هەڵەبجە خەڵکانی میهرەبان و میوان دۆستن.
محمد: ئەی ئاووهەوای هەڵەبجە چۆنە؟
ڤارین: ئاووهەوای هەڵەبجە خۆشە، چوار وەرزییە.

## ڕاهێنانی(١٥)
ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە تەواو بکە.
لاوی: ڤارین: ئایا تۆ ڕۆشتی بۆ کەرکوک؟
ڤارین: ..............................................................
لاوی: ڤارین: ئایا پار ساڵ ڕۆشتی بۆ هەڵەبجە ؟
ڤارین:..............................................................
لاوی: ڤارین: ئایا بە چی ڕۆشتی بۆ هەڵەبجە ؟
ڤارین:..............................................................
لاوی: ڤارین: ئایا لەگەڵ خێزانەکەت ڕۆشتن بۆ هەڵەبجە ؟
ڤارین:..............................................................

لاوی: ئەی ئاووهەوای هەڵەبجە چۆنە؟

ڤارین:..................................................

لاوی: ئەی خەڵکی هەڵەبجە چۆن کەسانێکن؟

ڤارین:.......................................................

سۆما: سڵاو سەردار چۆنی؟

سەردار:...................................

سۆما: ئەمڕۆ دکتر شێروان کاتژمێر چەند هاتە  زانکۆ؟

سەردار:..........................................................

سۆما: ئەی دکتور هیوا سەعات چەند هاتە ژورەوە؟

سەردار:..................................................................

سۆما: دکتۆر چ بابەتێکی باسکرد؟

سەردار:..................................................................

سۆما: ئایا تۆ لە گفوگۆ و باسکردنی بابەتەکە گەیشتی؟

سەردار:...................................................................

ڤارین: سەردار تۆ بەتەنها ڕۆیشتی بۆ دهۆک؟

سەردار:............................................................

ڤارین: دهۆک شارێکی چۆنە؟

سەردار:.....................................

ڤارین: ئاووهەوای دهۆک چۆن بو؟

سەردار:......................................

راهێنانی (١٦)

لەم وشانە ڕستە دروستبکە:

١- شار، فرۆکە: ...........................................................

٢- خێزان. هێنام: ...........................................................

٣-  وەرزش. پارساڵ: ...........................................................

٤- گوڵ. باران: ...........................................................

٥- هاتن، گەشت: ...........................................................

٦- شاری کەرکوک، گەڕان: ...........................................................

ڕاهێنانی (١٧)

لەسەر ئەم وێنەیە بدوێ.



پوختەی بابەتەکە

وشە تازەکان

(گفتوگۆ، گەڕان، ساڵ، پار، پێش، کرد. دکتۆر، گەورە، میوان، خۆش، هاوسەر، تا، دڵڕفێن، دۆست، باکور، باشور، ڕۆژئاوا، خودا، ڕۆژهەڵات، وەرزش، دوای، تەنها، ئوتومبیل، خانو، کاک، شەمەندەفەر، ڕۆژ، هەفتە، مانگ، ساڵ، شەمە، یەکشەمە، دوشەمە، سێشەمە، چوارشەمە، پێنجشەمە، هەینی، بیست، سی، چل، پەنجا، شەست، حەفتا، هەشتا، نەوەد، سەد کۆتایی)

دەربڕین:

ئایا دوێنێ لاوی و سەردار ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە؟

بەڵێ: دوێنێ شەو لاوی و سەردار ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە.

ڕێسای زمان

ڕۆیشت + ن ——— ڕۆیشت      ڕۆیشت + م ——— ڕۆیشتم

چاوگ + نیشانەی چاوگ      ڕابردو      ڕابردو + جێناوی لکاو      ڕابردوی سادە

ده ___ + ڕۆبشتم ___ = دەڕۆیشتم              نه ___ + ڕۆیشتم = نەڕۆیشتم

نیشانەی بەردەوامی + ڕابردوی سادە = ڕابردوی بەردەوام          نیشانەی نەرێ + ڕابردوی سادە = ڕابردوی بەردەوامی نەرێ

## وانەی دەیەم  پێداچوونەوە بە وانەکانی شەش تا نۆ

ڕاهێنانی(١): وشەکان لە شوێنی گونجاو دابنێ.

باڵندەکانیان، پاس، پەنیر، پرسیار، باوکیان، کۆتر، ساڵی ڕابردو، باشی، نانی بەیانی، وەڵام، جوانی .......... ڕاز و ڕەوا بەیانی هەمو ڕۆژێک لە حەوشـــەیماڵەکەیان وەرزشـــیان دەکرد. لە باخچەی ماڵەکەیان.................. لەسەر گوڵەکان بینی، دەنگی ................ لەسەر دارەکان دەهاتە بەر گوێیان . پاشـــان ڕەوا بۆ.................. نان و هەنگوین و کەرەی خوارد و ڕازیش نان و ................. چای خوارد. دوای ئەوەی ماڵئاوایی لە دایک و باوکیان دەکەن بە ............... بۆ قوتابخانە ڕۆیشتن.

لە پۆلدا بە ......... گوێیان لە ئامۆژگاری مامۆستاکەیان گرتبو و ڕاهێنانەکانیان بە ...........ی پڕاکتیک دەکرد. دوای قوتابخانە ڕاز و ڕەوا بە ئۆتۆمبێلی ............ کە هاتبووە دوایان بۆ ماڵەوە هاتنەوە. دوای قوتابخانە ڕاز ............ی لە ڕەوا دەکردو ڕەوا وەڵامی دەدایەوە، هەندکجاریش ڕەوا پرسیاری لە ڕاز دەکرد و ڕازیش ............ دەدایەوە. بەو پرســـیار و وەڵامانە بە باشـــی لە وانەکانی ڕۆژانە تێدەگەیشتن.

ڕاهێنانی دووەم

پێنج پرسیار لە دەقەی سەرەوە دروستبکە.

١- ...............................................................................................؟

٢- ...............................................................................................؟

٣- ...............................................................................................؟

٤- ...............................................................................................؟

٥- ...............................................................................................؟

ڕاهێنان (٣)

بە هێڵێک وشە دژیەکەکان بە یەک بگەیەنە

| | |
|---|---|
| پایز | سارد |
| کۆتا | دور |
| جەنگەڵ | کوڕ |
| ناشرین | پرسیار |
| گەرم | بەهار |

| | |
|---|---|
| تەندروست | ژن |
| کچ | سەرەتا |
| باشور | جوان |
| پیاو | بیابان |
| وەڵام | باکور |
| نزیک | نەخۆش |

ڕاهێنان (٤) وشە پەیوەندیدارەکان بە هێڵێک بە یەکتر بگەیەنە

| | |
|---|---|
| نانی ئێوارە | ئاسمان |
| سەردان | جەستە |
| مامۆستا | زانکۆ |
| دڵ | ناسیاوی |
| باخچە | زستان |
| وەرز | تاڵ |
| باڵندە | شەو |
| چا | قوتابخانە |
| پرۆفیسۆر | گۆلستان |

ڕاهێنان (٥)

بۆ هەریەک لە دەنگەکانی (ب، د، ز، س) پێنج وشە بنوسە

ب: باوک، ................. ،................. ،................. ،................. ،.................

د: دایک، ................. ،................. ،................. ،................. ،.................

ز: زیرەک، ................. ،................. ،................. ،................. ،.................

س: سور،................. ،................. ،................. ،................. ،.................

ڕاهێنانی (٦)

هەڵەکانی ئەم ڕستانەی خوارەوە بدۆزەرەوە و وەڵامی دروست بنوسە.

نمونە: بەیانییان نانی نیوەڕۆم زۆر خوارد. (نانی نیوەڕۆ   نانی بەیانی)

١. چوار گوڵەکانم بۆ دایکم کڕی.

٢. ئاسۆ هەمو شەوێک کتێب خونائێنێتەوە.

٣. ئەرکیماڵەوەت بە جوانی نوسیوە.
٤. جلە گەرمەکانمان لە دارستاندا لەبەر دەکرد.
٥. کاک و خاتو ئاسۆ دەچون سەردانی ماڵی خودا بکەن.
٦. باوکم بۆ ماوەی ٦٠-٣٠ خولەک لە پارکی شارەکەمان ڕادەکات.
٧. هاوڕێکەم لە دەریاوە بە پاس هاتە وڵاتەکەمان.

ڕاهێنانی (٧)

ئەم ژمارانەی خوارەوە تەواوبکە

دو، چوار، ............، ............، دە، ............، ............، ............، ............، ............

چل و سێ، چل و چوار، چل و پێنج، ............، ............، ............، ............، ............، پەنجاو یەک، ............، ............، ............، ............، پەنجاو شەش، ............، ............، ............، ............،

پێنج، دە، پازدە، ............، ............، ............، ............، ............، ............، ............، ............

سێ، شەش، ............، ............، پازدە، ............، ............، ............، بیست و حەوت ............

ڕاهێنان (٨)

ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە.

بۆ نمونە: تۆ کتێبەکەت دەخوێندەوە.

١- ئێمە خواردن ...............

٢- مامۆستا سیروان ...............

٣- هاوپۆلەکەم لە فەرمانگە ...............

٤- من جل و بەرگم ....................

٥- لە ئۆتومبێلدا ....................

٦- کچانی قوتابخانەکەمان .................

٧- تۆ ڕاهێنان ......................

ڕاهێنانی (٩)

ئەم ڕستانەی خوارەوە بگۆڕە بۆ ڕابردوی بەردەوامی نەرێ.

نمونە: دایکم خواردنی لێنا. دایکم خواردنی لێنەدەنا.

١ .بە ئۆتۆمبێل چوینە دارستان.

٢ .قوتابییەکان لە وانەکە تێگەیشتن.

٣ .دایکم نان و میوەی لە بازاڕەوە هێنا

٤ .لە باخچە گەڵا سەوزەکانت بینی؟

٥ .هاوڕێکەم زۆر پرسیاری لێکردم.
٦ .من و تۆ بە فڕۆکە گەشتمان کرد.
٧ .مامۆستا لە پۆلدا لەسەر کورسیەکەی دانیشت.
٨ .باوکم دەنگی باڵندەی لە سروشتدا بیست.

ڕاهێنانی (١٠)

ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە تەواو بکە.

(١)

ڕاز : سڵاو نێرگیز

نێرگز: سڵاو ڕاز چۆنی؟

ڕاز: ..........................................

نێرگز: منیش باشم، سوپاس.

ڕاز: ئەمڕۆ مامۆستا چی فێری کردی؟

نێرگز: .......................................................

ڕاز: ئایا ئەویش پرسیاری لە تۆ کردووە؟

نێرگز: ........................................................

ڕاز: وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستا دەدەیتەوە؟

نێرگز: ........................................................

ڕاز: مامۆستا ناوی منی خوێندەوە؟

نێرگز: ....................................................

ڕاز: زۆر باشە، دەستت خۆش بێ، ئایا هیچ کارێکی بە من هەبو؟

نێرگز: ....................................................

ڕاز: خوات لەگەڵ.

نێرگز: ....................................................

(٢)

ڕەوا: سڵاو کاکە! ناوت چیە؟

ئەحمەد: .........................................

ڕەوا: من ناوم ڕەوا و خەڵکی کوردستانم. تۆ خەڵکی چ وڵاتێکی؟
ئەحمەد: ..........................................
ڕەوا: کەش و هەوای لوبنان چۆنە؟ ئایا لوبنان کەنار دەریای هەیە؟
ئەحمەد: ..........................................
ڕەوا: زمانی لوبنانی چیە؟
ئەحمەد: ..........................................
ڕەوا: ناوی هونەرمەندە بەناوبانگەکانی لوبنان چیە؟
ئەحمەد: ..........................................
ڕەوا: تۆ لە کوردستان ژیاوی؟ بەهۆی ئەوەی کوردییەکەت زۆر باشە!
ئەحمەد: ..........................................
ڕەوا: بەڕێز ئازاد زۆر بەختەوەر بووم کە تۆم ناسی.
ئەحمەد: ..........................................

ڕاهێنان (١١)
دەقێک بە ٥ دێڕ بۆ وێنەی خوارەوە بنوسە.

(دیمەنی پارکێک کە خەڵک وەرزش دەکەن و گروپێک ڕادەکات، کەسێک کتێبێک دەخوێنێتەوە، کەسێک یاری دەکات و لە وێنەی خۆردا هەور و فڕۆکە و ئۆتۆمبێل و پاس و باڵندە دەبینرێت.)
نمونە:

کوڕەکە لە پارکەکەدا ڕادەکات. ..............................................................................................
...................................................................................................................................................
...................................................................................................................................................
...................................................................................................................................................

ڕاهێنان (١٢)
هەشت لەو کارانەی دوێنی ئەنجامتداون بنوسە.
نمونە: دوێنێ بەیانی لە باخچە وەرزشم کرد.
١- ......................................................................
٢- ......................................................................

٣- ...............................................................................

٤- ...............................................................................

٥- ...............................................................................

٦- ...............................................................................

٧- ...............................................................................

٨- ...............................................................................